مینه



# عیشق له جوانکاریدا

2005

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (353)

# عیشق
# لە جوانکاریدا

لێکۆڵینەوەی
مینە

سلێمانی 2005

**عیشق لە جوانکاریدا**

لێکۆڵینەوەی: مینە (محەمەد ئەمین حسێن)

بابەت: لێکۆڵینەوە

نەخشەسازی کۆمپیوتەر: مەهدی ئەحمەد

هەڵەبڕی: مینە

سەرپەرشتیاری چاپ: سەلام فاتح

نەخشەسازی بەرگ: دیاری جەمال

چاپ: چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری

تیراژ: 1000 دانە

ژمارەی سپاردن: (536)ی ساڵی 2005 وەزارەتی رۆشنبیریی پێدراوە

www.roshnbiri.org

# پێشەکی

دوا ساڵی قۆناغی زانکۆ بوو، مامۆستای خوالێخۆش بوو ( غازی وەیس ) داوای لێکردم کە توێژینەوەیەك لەسەر بابەتێکی ئەدەبی ئامادەبکەم و بە شێوەیەکی ئەکادیمیانە بینوسم و لەبەر دەمی قوتابیاندا بیخوێنمەوە و دەمەتەقە و وتووێژی لەسەر بکرێ .

منیش لە راستیدا هەر لەو سەردەمانەدا خۆم سەرقاڵ کردبوو بە ئەدەبی شیعری هەندێ لە شاعیرەکانی وەك مەحوی و مەولەویەوە .

ووتاری (مەحوی عاشق و سۆفی) تا رادەیەك گەلاڵە بوو بوو، هەربۆیە بە پەلە تەواوم کردو، وەك بڕیاربوو لە کۆلیژی ئاداب، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، پێشکەشم کرد، کە هاوەڵانی زانکۆم ئامادەبوون، هەروەها مامۆستایان دوکتۆر (موحەمەد نوری عارف )، خوالێخۆش بووان (مامۆستا کامەران موکری ) و مامۆستای ماددەکە مامۆستا ( غازی وەیس ) .

ووتارەکەم پێشکەش کرد و هەندێ قسە و باسی لەسەر کرا و جێی رەزامەندی مامۆستایان و هاوەڵانی زانکۆم بوو .. پاشان هەمان وتارم نارد بۆ گۆڤاری بەیان و لە ژمارەیەکی تایبەتیدا کە تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە، بڵاوکرایەوە .

پاش ماوەیەك هاوڕێم مامۆستا (عەبدوڵڵا ئاگرین) داوای لێکردم کە ئەگەر بتوانم بە توێژینەوەیەك دەربارەی بابەتێك لە شیعرەکانی مەحوی هاوبەشی ئەو پڕۆژەیە بکەم کە بڕیارە بەهاوکاری کۆمەڵێك لە نوسەران بەرهەمی بێنن .

منیش بەڵێنم پێدا و لێکۆڵینەوەی خۆم ئامادە کرد بە ناوی ( حەلاج لە جوانکاری شیعری مەحوی)دا ..

ئەوەبوو پرۆژەکە، ساڵی 1986 هاتە بەرهەم و بڵاوکرایەوە و لە ئاستی رەخنە و هەڵسەنگاندا لەو ماوەیەدا هەندێ لە نوسەران نوسینیان لەسەر بڵاوکردەوە، هەرچەند ئەو کاتە من لە شاخ بووم، بەڵام یەك دوو وتاری بڵاوکراوەم بینی کە دەربارەی پرۆژەی (لەبارەی مەحوی لوتکەوە) بوو، ئەوەی لەیادم بێ یەکێکیان مامۆستام (موحەمەدی مەلا کریم ) نوسیبووی . کە راوبۆچوونی دەربارەی نوسینەکەی من جیاواز و بە ویژدانانەوە بوو، هەروەها (موکەرەم رەشید تاڵەبانی)ش بەهەمان شێوە بۆچوونی بەگشتی و لەسەر وتارەکەی من پۆزەتیفانە بوو .

بەهەرحاڵ دوای ئەوەی ئەم دوو وتارە بەو شێوەیە و هەر یەکە بە جیا بڵاوبوونەوە، بەڵام ئەمرۆ کە دەرفەتی ئەوەم بۆ سازاوە تا بتوانم سەربەخۆ و لە بەرگێکدا بەچاپی بگەیەنم و سەرلە نوێ بیخەمەوە بەردەستی خوێندەوارانی کورد .

بێگومان مەبەستی سەرەکیم لە دووبارەکردنەوەی بڵاوکردنەوەیان زیاتر خزمەت بە ئەدەب و دنیای پڕ لە عەشق و سۆفیەتی و بەرزی پایەی مەحویە .

کە هیوادارم توانیبێتم هەر هیچ نەبێ خزمەتێکی بچکۆلانەم دەربارەی ئەو کەڵە شاعیرە کردبێ و ئێمەش لە خەراباتی ئەو عیشقەدا پاماڵی سونبولی هەمان جێ خەرمانین .

**مینە / لەندەن**

# مەحوی

# عاشق

# و

# سۆفی

که دەڵێین (مەحوی) ئیتر پێویست ناکات بڵێین (مەلا محەمەدی کوڕی مەلا وەسمانی باڵخی)، چونکە کاتێ محەمەدی کوڕی مەلا وەسمان فەقێ بوو لای باوکی، تەنیا چەند سیفەتێکی تایبەتی هەبوو، کە جیای نەدەکردەوە لە مرۆڤی سادەوساکاری سەردەمەکەی خۆی .

لەو سیفاتانەش : وەك مرۆڤ، ... مرۆڤ، بوو، لەبارەی رەگەزەوە کورد و لەرووی ئایینیشەوە موسڵمان بوو .

بەڵام کە نازناوی مەحوی هەڵگرت، چەندین سیفەتی تری پەیداکرد، کە بوون بەهۆی جیاکردنەوەی لە زوربەی خەڵکی دەووروبەری خۆی .

کەواتە (مەحوی) واتە مرۆڤ،، کورد، موسڵمان، شاعیر، مەلا، زانا، عاشق و سۆفی ....هەر کە وتمان (مەحوی ) ئیتر بەبێ بیرکردنەوەیەکی قوڵ لە ژیانەکەیدا، سەرجەم ئەو سیفاتانە بە یادماندا دێت و بیرمان بۆ مرۆڤێکی بەتوانا و پیرۆز و هەڵکەوتو دەڕوات ... چونکە زانایی و شارەزایی لە فەلسەفە تایبەتیەکەی خۆیدا و دروستبوونی گیانی بەرزێتی هانیداوە کە لاسایی پیاوچاکان بکاتەوە .(ئەوانەی مێشکێکی بەرزیان هەیە، لاسایی کرداری بەرز و کردەوەی پیاوچاکان دەکەنەوە) . مەحویش وەك خاوەن مێشکێکی بەرز و مەزن، شوێن پێی پیاوانی پایەدار و هەڵکەوتووی هەڵگرتووە . لە عەشق و ڕێبازی سۆفیگەریدا و خۆشی و چێژی ژیانی لەو خەراباتی عیشقەدا بەدیکردووە، هەروەها هەوڵیداوە زیاتر ژیانی تەرخان بکات بۆ گەیشتن بە واتای راستی ئەو ڕێبازە .

مەحوی بە بیرێکی فراوان و گیانێکی پڕ لە خۆبەختکردنەوە، بۆتە سوارچاکی مەیدانی سۆفیگەری و بەهەموو واتایەکی زانستیانە لەو جیهانە فراوانەدا خۆی ماندوکردووە و شیعرەکانی راستی بۆچوونەکانمان دەسەلمێنن .

لێرەوە بابزانین لە روانگەی شیعرەکانیەوە (مەحوی عاشق و سۆفی) کێیە ...؟؟

بۆ زیاتر قوڵبوونەوە چاکتروایە کە هەر یەکە لەو وشانە بەتەنیا ماناکانیان لێکبدەینەوە ....

**مەحوی**

سەرەتای پەیوەندی کردنی مەحوی بە ڕێبازی سۆفیگەرییەوە، نازناوی شیعری ئەو (مەشوی) بووە، ئەو زاراوەیەش بە بیر و لێکدانەوەی سۆفیگەریانە مانای برژاندن لە عیشقێکی خوداییدا دەگرێتەوە .

بەڵام کاتێ کە مەحوی زیاتر لە ڕۆخانەی سۆفیگەری نزیك بووەوە و کەوتە ناو لێشاوی فەلسەفەکەوە، هەستی کرد ئەو نازناوە شیاوی عیشقێکی وا گەورە و گران نیە، چونکە وەك ئاشکرایە ئەو ماددانەی کە دەبرژێنرێ، یان دەسوتێت، بوونی هەر هەیە، ئەگەر شێوە و ڕەنگیشی بگۆڕێت، بەڵام پاشماوەی دەبێت، با ئەو پاشماوەیەش تەنیا خۆڵەمێشیش بێت .

مەحوی ئەوە بە نەنگی دەزانێ کە دوای برژاندن و سوتاندی، خۆڵەمێشی لەدوا بەجێبمێنێ ......بۆیە نازناوەکەی دەکات بە مەحوی .

مەحویش وەك زاراوەیەکی سۆفیانە واتە لەناوچوونێکی هەمیشەی و هەتاهەتایی .... لەناوچوونەکەی مەحویش بێگومان سوتانە لە عیشقێکی پیرۆزدا، هەوڵدانە بۆ گەیشتن و شادبوونەوە بە دیداری ئازیز ...

زوبانی حاڵی پەروانە لەوەختی سوتنا دەیووت
کەسێ واریسمە وەك من بێ،لە عیشقا خۆ بسوتێنێ

هەرچەند مەحوی بەپێی ڕێبازی سۆفیگەری ویستوویەتی لەناوچوون و سوتانەکەی گەورەتر و زانستیانە تربێ لەپێناوی عیشقەکەیدا، لەبەراوردا لەو سوتانەی کە پەروانە سوتاوە .

**<u>عاشق</u>** عاشق وەك زاراوەیەکی فەرهەنگی واتە دڵدار، بەڵام بەو واتا سادەوساکارە نا کە بڵاوە .بەڵکو دڵدارێك دەگرێتەوە کە لەپێناوی عیشقەکەیدا پێشمەرگە و خەباتگێڕ و تێکۆشەر بێت .عاشقێتی مەحویش عەشقێکی فەلسەفیە و پەیوەندی نیە بە جیهانی ماتریالیەوە و لە دیوی ئایدیالەوە دەسوڕێتەوە .

**<u>سۆفی</u>** زاراوەی سۆفی لە فەرهەنگی سۆفیگەریدا چەندین واتای لەخۆگرتووە ...
هەندێك دەڵێن لە (صف) وە هاتووە، واتە (ریز)، هەندێکی تر دەڵێن لە (صفوت) ەوە هاتووە، واتە ئەو پیاوچاکانەی هەڵبژاردەی خودان[1] . بە پێی بۆچوونی هەندێکی تر لە (صفا ء) وە هاتووە، کە واتای پاکبوونەوەی دڵ دەگەیەنێ لە ژەنگی تاوان و ڕەشی گوناە. بۆچوونێکی تریش دەڵێ کە لە (صوف)ەوە هاتووە، واتە (خووری) ئەمەش لەوەوە وەرگیراوە کە دەروێشەکان بۆ جیاکردنەوەی خۆیان لە کەسانی تر بەرگی خوورییان لەبەرکردووە، هەروەها نیکڵسۆنی ڕۆژهەڵاتناس دەڵێت ئەوە داب و نەرێتێکی مەسیحیانەشە .[2]
سۆفیگەری بریتیە لە تێڕوانینی جیهان لە دەروازەی ئایینەوە، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تقوسە پەنامەکییانەی کە هەموو ئایینەکان لە کۆندا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا پێوەی

---

[1] بڕوانە فەلسەفەی جوانی هونەر ، لاپەڕە 47
[2] هەمان سەرچاوەی پێشو

خەريك بوون . لێرەدا مەبەست لە تقوسەكان، ئەو پەيوەنديەی نێوان مرۆڤ، و خودايە، يەكگرتنيشيان لە رێگەی (وجد) و (كشف)ەوەيە ... سۆفيگەری وەك چمكێكی فەلسەفی هەندێ لە رەگەزەكانی لە زۆربەی باوەڕە ئايينيە فەلسەفيە كۆنەكاندا بەديدەكرێ ... لەوانەش ( كۆنفۆشيزم) لە چين، (براهمانی )، ( ئيفلاتونيزم ) و (ئيفلاتونيزمی نوێ ) .[1]

بووزييەكان جۆرە تقوسێكيان هەبوو، كە پێيان دەووت (ئێراڤانا) و مەبەست لەم تقوسەش لەناوچوونی (خودی مرۆڤە لە رێگەی دێوانەيی و دەروون كوێركردنەوە، هەروەها تێكەڵ بوون لەگەڵ بوونی هەموويیدا .)

لە ئايينی مەسيحيشدا (لاهوتی سۆفيگەريانە ) شوێنێكی ديار و بەرچاوی هەيە، مەبەست لە لاهوتی سۆفيگەريانە... ناسينی خوا و كاروباری خودايیە .

ئەمەش ئايينێكی زەوقييە، واتە لە رێگەی تاقيكردنەوەی هەستەوە دێتەدی، هەروەها دەتوانين بڵێين بە هەموو ئامراز و كەرەسە و لايەنەكانيەوە، زانستێكە لەسەر رووی سروشتەوە .... چونكە مرۆڤ، ناتوانێ بە هێزی ماترياڵی خۆی بگەيەنێتە خوا، بەڵام خوا خۆی بەرەو ئەو روناكيەی خۆی رايدەكێشێت، كە ژێری ناتوانێ تێيبگات، هەرچەندە دڵ هەستی پێدەكات و خۆشی دەوێت و دەيپەرستێ .[2]

بە پێی ئارای لێكۆڵەرەوەكان لەو بوارەدا، سۆفيگەری وەك رێبازێك، لە سەدەی دووەمی كۆچيدا هاتە ناو ئاينی ئيسلامەوە، ئەوەش دوای ئەوەی كە پێويستيەكانی بابەتی هاتە كايەوە بۆ جياكردنەوەی خواپەرست و پياوچاكان، لەوانەی لە رێبازی ئايينی لاياندابوو .. بەتايبەتی دوای پەرەسەندنی ئيسلام و داگيركردنی وڵاتەكانی فارس و رۆم .[3]

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشو

[2] فەلسەفەی جوانی هونەر

[3] فەلسەفەی جوانی هونەر

سۆفیگەری لە ئیسلامدا شوێنێکی دیار و گرنگی داگیرکردووە، تەنانەت (نیکڵسن)ی ڕۆژهەڵاتناس (سۆفیزم ) بە فەلسەفەی ئیسلام دادەنێ . لەگەڵ ئەوەشدا بۆ دیاریکردنی چییەتی سۆفیگەری و شوێنی لە ئاییندا کێشەیەکی زۆری لەسەرە . هەندێك، سۆفیەکان بە هەرە خواپەرست دادەنێن، هەندێکی تریش بە زەندیق و لە ئایین یاخی بوویان دادەنێن .

ئەم ڕێبازە بەهۆی پیاوانی زانا و هەڵکەوتووی کوردەوە هاتە ناو کوردستانەوە و لە کوردەواریشدا بڵاوبووەوە، لەو زانا و پیاوچاکانەش ( شاهی نەقشبەند )[1] کە ناوی (بهاالدین محەمەد کوڕی ئەحمەد فاروق )ە، هەروەها لەناو کۆڕی سۆفی و شاعیراندا بە پیری بوخارا ناوبانگی دەرکردووە .

## نەگەیمە ئەو جوانە و گەیمە پیری
## مـەدەد یا پیری پیرانی بوخـــــارا

واتە خۆم پیربووم، کەچی هەر نەگەیشتمە ئەو پیرەی کە پەلم بگرێ و ڕێی خەراباتی عەشقم پێشان بدات، هاوار یا پیری بوخارا دەستگیرۆییەك .

---

[1] بوخارا شارێکە لە ئۆزبەگستانی سۆڤیەتی ، پیری بوخارا ، بەهائەدین موحەممەد کوڕی ئەحمەد فاروقی ، کە بە (شاهی نەقشبەند) ناوبانگی دەرکردووە ، لە ساڵی (791)ی کۆچی بەرامبەر 1389ی زاینی کۆچی دوایی کردووە . گۆڕەکەی لە بوخارایە ، هەروەها تەریقەی نەقشبەندی بە ناوی ئەوە ناوی ڕۆشتووە . دیوانی مەحوی لاپەڕە (8)

**خەلاصی بوونی،  قەت ناویٚ، ئەسیری زوڵفی زنجیرت**
**لەبەر تیرت، مەلەك بیٚ، هەڵفرینی نەبووە نەخچیرت**

بۆ گەیشتن بە یەزدان دەبیٚ بێوچان لەسەر لێووردبوونەوەی سۆفیگەریانە مەشق بکریٚ و هەموو ئەندامە هەستیەکان و کردارە ژیرییەکان بخرێتە لاوە و بە خواستێکی بەهێزەوە بەرەو ئەو (بووە) بڕۆین، کە لەدوای هەموو (چییەتیەك ) و (بیرێك )ەوە هەیە .[1]
کاتیٚ گیان لە جیهانی هەستی و ژیری دەرباز دەبیٚ و دەکەوێتە ناو تاریکایی و نەزانینێکی پیرۆزەوە و لە هەموو زانینێکی پشکێنەرانە وازدێنیٚ و لەو (بووە) نەبینراوە، نەزانراوەدا ون دەبیٚ و لەگەڵیا یەکدەگریٚ، ئیدی لەو (نەزانینە ئەپسولوت) ە، زانینێك وەردەگریٚ کە ئەوەز و ژیری نایگاتیٚ .

**لە پیٚ حەرامە زڕەی سیلسیلەی موقەدەسی  عیشق**
**ببیٚ بە شێر و مەگـــەر هەڵگـــریٚ لــــە دنیا دەس**

واتە زنجیری عیشق ناکرێتە پێی هەموو کەسێك و هەموو کەسێکیش شایانی خەڵاتی وەها پیرۆز نیە، جگە لەوانەی کە دەتوانن شێرانە دەست لە دنیا هەڵگرن .
سۆفیگەری ئیسلام بریتیە لە دوو پایەی سەرەکی، کە ترس و خۆشەویستیە .
**ترس** سەرچاوەیەکی غەیبی ئاینیی هەیە، ترس لە مردن، لە دۆزەخ، لە سزا و حسابی رۆژی دوایی .. هەر لەبەر ئەوەی کە سەرئەنجام کۆتایی ئەم ژیانە مەرگە، کەواتە بیٚ بایەخ و بیٚ نرخە...گرنگ جیهانی دووەم و سەرفرازی ئەوێیە .

[1] فەلسەفەی جوانی هونەر / لاپەڕە 44

لێرەدا مردن دەبێتە مێردەزمە و لە هەموو ساتێکدا چۆکی لەسەر سنگی مرۆڤ، داکوتاوە و هەمیشە هەڕەشەی نەمانی لێدەکات .[1]

پایەی دووەمی سۆفیگەری کە خۆشەویستیە، هاوکێشەی ئەو دوو دڵی و دڵەڕاوکێ و نائارامییەیە کە لە ترس لەدایك دەبێت .

سۆفیەکان هەوڵ دەدەن گڕی ئاگری ترس بە بیری عیشق و خۆشەویستی دامرکێنەوە ... هەروەها خۆشەویستی دەکەنە پەساپۆرتی گەیشتن بە جوانی خودایی .[2]

ئالێرەوە (مەحوی ) دەکەوێتە ڕێ و لە جیهانی عیشق و سەودادا خۆی دەبینێتەوە و دەڵێت :

**لە خەزنەی دڵـــــم دا هـــەرچی هەیە هەر داغی سەودایە**
**دەسا ئەم نەقدە دەردی عیشقی پێ سەودا نەکەم چی بکەم**

خۆشەویستی سۆفیگەریانە دەروازەیەکە بۆ جیهانی ڕۆح، جیهانی ڕۆحیش هیچ جۆرە پەیوەندییەکی نیە بە لۆژیکی ژیری و زانستیەوە، هەروەها ژێردەستی یاسا و دەستورەکانی ئادەمیزاد نیە و بە تەرازووی ژیری ناکێشرێ .

کەواتە تاقیکردنەوەی سۆفی، تاقیکردنەوەیەکی بابەتی نیە ...تاقیکردنەوەیەك نیە کە ژیری و لۆژیك دەستی بەسەردا بڕوات، بەڵکو ئەزمونێکی چێژیی تاکییە و لە بوونی سۆفی خۆیدا دروست دەبێت و کار لە ویژدان و هەست و نەستی دەکات .

---

[1] فەلسەفەی جوانی هونەر / لاپەڕە 48

[2] هەمان سەرچاوە / لاپەڕە 49

(تاقیکردنەوەی سۆفیگەری کردارێکی دژوارە، کە لە پێکەوەبەستنێکی توندی نێوان ـ کردار ـ واتە راهێنانی جەستەیی، هەروەها ـ ئایدیا ـ واتە پەرەسەندنی لێووردبوونەوە رۆحیەکاندا خۆی گەلآڵە دەکات .)[1]

**دۆزەخ لە عیشقە خاڵی و، جەننەت لە دەردوداغ**
**عاشق لـــە حەشریشا نیەتی جێ دڵێ فـــەراغ**

ئەگەر سەرنجێ لە ژیانی سۆفی بدەین، دەبینین دوو واتای سەرەکی تێدایە :
**یەکەم / کار** : بریتیە لە جۆرەها رەنج و وەرزشی جەستەیی کە سۆفی پەیرەوییان دەکات و پێیان دەووترێ (مەقام)
**دووەم / مانایەکی زەوقی و رۆحی** : ئەمەش بریتیە لەو گۆڕانانەی لە ئاکامی ئەو رەنجدان و وەرزشانەوە لە دەرووندا روودەدەن .[2]

**کە هەڵگیرسا لە نووری بادە شەمعی حوسنی جانانە**
**نەچێتە سەر تەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چیبکا**

واتە هەر کە لە نووری بەرەکەتی ئەو ئاسۆ خۆش و فراوانەوە کە بۆ مەستانی رێگای عیشق و ئەوین پەیدادەبێ، چرای جوانی ئازیز داگیرسا و دڵ بە ئەوینی راستەقینەی خۆی گەیشت، کە ئازادی و سەربەستیە لە کۆت و پێوەندی ئەم جیهانی ماتریالیە ... ئیتر دڵ

---

[1] فەلسەفەی جوانی هونەر / لاپەڕەی 50
[2] هەمان سەرچاوەی پێشو

چی بۆدەمێنێتەوە لەوەی زیاتر کە بچێتە سەر ڕێبازی پەروانە، کە (عیشقە) و خۆی لە پێناویا بسوتێنێ .

باری نالەباری زەمانە و سەردەمی ناهەموار و خواروخێچی ئادەمیزادی دنیایی و هەلپەرست کە لەپاڵ ڕژێمی بۆگەندا هەوڵدەدەن بە ئارەزووی پیسی خۆیان بگەن .

کارێکی توند و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پەرەسەندنی ڕێبازی سۆفیگەریانە . هەرچۆن لە سەردەمەکەی مەحوی شاعیریشدا کە کاتی روخاندنی ئەمارەتی بابان و فرمانڕەوایی تورکە رەگەزپەرستەکان بوو، بۆیە باری کۆمەڵایەتی تا بڵێی ناهەموار و ناجۆر و دژوار بووە و پیاوکوژی، جەردەیی و ڕاووڕووت بە شێوەیەکی ئاشکرا و بەرچاو لە هەموو لایەکی وڵاتدا تەشەنەی کردبوو .

سۆفیگەریش خۆی لە خۆیدا دەنگێکی بێزاری دەربڕینی دژایەتیە بە ڕووی بەرەی خوێنمژانی کۆمەڵگای ئیسلامیدا . هاوکات شاعیریش بە درێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی تاریکی، زمانی حاڵی میللەتی ستەمدیدە و چەوساوە و دەنگی ناڕەزایی کۆمەڵ و رەخنەی توندوتیژی هۆشیارانی گەل بوون، بەتایبەتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆرداری و چەوساندنەوە و روتاندنەوە و پێشێلکردنی ڕاستیدا .

**هەتا حەق ناصیرە، هەر حەقمە مەنزور**

**وەکـــــو (مەنصور) ئەگەر بمکەن بە دارا**

هەر لەو دیدەوەیە کە مەحوی شاعیر و سۆفی دەهەژێ و دەڵێت : تا خوا یارمەتیدەر بێ، هەر حەق دەڵێم، ئەگەر ئاکامەکەشی ئەوەبێ کە وەك مەنصوری حەلاج لەسەر حەق بێژی هەڵمواسن و لە دارم بدەن .

پێشێلکردنی راستی و راورووتی تورکەکان لە شاری سلێمانیدا، بە شێوەیەکی دڕندانە و لە پێناوی بەرژەوەندی سوڵتانەکانیاندا، کە لە هیچیان نەئەماڵیەوە ... دەیان شاعیری سۆفی وەك مەحوی دروست کردبوو، بەڵام لە پێشەنگی هەموویانەوە مەحوی، کە پەنجە دەکات بە چاویاندا لەلای نەزان و زانا پەردەی دڕندەییان لەسەر هەڵدەماڵێت و دەڵێت :

**لـــە عــارف عامییەك پرسی هەواڵی مەسڵەخ و قەصصاب**
**بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد، ئیشارەی مەحکەمە و نائیب**

واتە کابرایەکی نەشارەزا لە زانایەکی پرسی، کە قەصاب کێیە و قەصابخانە لە کوێیە ...؟
ئەویش لە وەڵامدا بە پەنجەی شەهادەتی هێمای کرد بۆ دادگا و دادپرس .
ئەمەش راستی ئەو خوێنڕێژی و تاوانکاریەی ئەو سەردەمە دەردەخات .
هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە هۆی نالەباری سەردەمەکە تەنیا رژێمەکە نیە... بەڵکو لە نێو زبڵدانی ئەو جۆرە رژێمانەدا سەدان پارەپەرست و خوانەناس و ئەوانەی کەڵك لە بێ یاسایی و بێ دەستووری و نەپاراستنی مافی مرۆڤایەتی وەردەگرن و بۆ هیواو ئامانجی گڵاوی خۆیان هەوڵدەدەن و تێدەکۆشن .... هەربۆیە مەحوی رووی قینیان تێدەکات و لەو جۆرە دڕندانە پەنا دەگرێ بە خوا و نەفرەتیان لێدەکات ...

**بۆتە مۆنیس، بۆتە مەئوا، قەوم و شاری (العیاذ )**
**دێوی بێتێ، جێ بەجێ دەڕوا بە باریێ (العیاذ)**

**هەر کەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەومە بووبێ، تا ئەبەد**
**بێتەوە فیکری لە زاری دادەباریێ (العیاذ)**

**ئەهلی تەزویر و فەسادن، غاصبی ماڵی عیباد**
**موبتەلابن بەم بەڵایە ئەهلی شاری (العیاذ)**

**فیتنەجۆیی یەك بەیەك دانە بەکوشتن ئیشیان**
**روو بەوانە ئەغڵەبەی ئینزاری باریٚ (العیاذ)**

**هارومارن، غەیری  یەك، یەکسەری دێوودەدن**
**ئیکتیفا نابیٚ بکەی (مەحوی ) بەجاریٚ (العیاذ)**

جگە لە باری نالەباری سەردەم، کە خۆشکەری زەمینەیەکی گونجاوە بۆ تەشەنەکردنی بیری سۆفیانە لای مەحوی...... لەولاشەوە بنەماڵەکەیان هاندەرێکی راستەوخۆ بووە لە پەیوەندی کردنی مەحوی بە رێبازی سۆفیگەریەوە .

**شەوی ریحلەت پدەر ـ رۆحی مورەوەح ـ وەصیەتی فەرموو**
**محبەت مەزهەبت بیٚ، نووری چاوم، مەیکەشی مەشرەب**

واتە باوکم بە رەحمەت بیٚ لە شەوی کۆچی خۆیدا وەسیەتی بۆ کردم کە هەمیشە رێگای عیشق بگرمە بەر و بە شەرابی عیشق و خۆشەویستی خۆم و دەوروبەرم پاراوبکەم .
ئەمانە و بوونی تروسکایی خواپەرستی لە دەروونی مەحویدا زیاتر هاندەری ئەوە بوو تا رووبکاتە عیشق و لەو شوێن خەرمانەدا پاماڵی سونبولی عیشقی دۆستانی دێرینی بکات .
چونکە زانایی و شارەزایی لە ئایینەکەیدا و دروسبوونی گیانی بەرزێتی پاڵی پێوەناوە کە لاسایی پیاوچاکان بکاتەوە، هەروەك (ئەرستۆ) دەڵێت : ( ئەوانەی مێشکێکی بەرزیان

هەیە، لاسایی کرداری بەرز و کاری پیاوچاکانیان کردۆتەوە، بەڵام لاواز و خاوەن نەفسیەتە نزمەکان، لاسایی کەسانی بێ نرخ و کاری هیچ وپوچانەیان کردۆتەوە .)

بناغەی سۆفیگەری وەنەبێ هەر تەنیا لە فەلسەفەی ئایینە کۆنەکانەوە وەرگیرابێت، بەڵکو قورئانی پیرۆزیش سەرچاوەیەکی گرنگە لە دیاریکردنی دوو بناغە سەرەکییەکەی ڕێبازی سۆفیگەری، کە **ترس** لە مەرگ و دۆزەخ و لێپرسینەوەیە، هەروەها **خۆشەویستی** بەرامبەر بە خوایە .

مەحوی شاعیر و سۆفی و مەلا و زانا، بەئاگا بووە لە فەلسەفە و زانیاری قورئان، ئەمەش سەرچاوەیەکی تر بووە بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی لەو ڕێبازەدا .

**تێدەگا هەرکەس بکا فەهمی ڕوموزی مەعنەوی**
**هیجر و وەصڵە، نار و جەننەی ئایەتی (لایستوی )**

**کێوی غەم وادی جەفا تەیکردنە ئەشراتی عیشق**
**باکی هەوراز و نشێوت کەی دەبێ گەر ڕەهڕەوی**

**ناوی هاروون، ئیسمی قاروون، ئیبتدا ئیمادەکەن**
**سەرفرازە سەرکز ئاخر سەرنیگوونە سەرقەوی**

**ئەی لەسەر تەختی غینا ئەمڕۆ، سبەینێ تێدەگەی**
**ئەو گەدایەی تۆ کەوا موحتاجی شێوی یەك شەوی**

دەنگی پێی ئەحبابی رۆیو پڕ بە عالەم مەوج ئەدا
تۆ بە غەفڵەت موبتەلا، گەر نەیبیەی مەستی خەوی

تف لە چارەی خەندە گریەو شیوەنی پێخۆشە دۆست
داکە ئەی بارانی ئەشك، ئەی بەرقی ناڵە نەسرەوی

باسی چبکەم بێ کەرانی بەحری پڕ تەشویری عیشق
تاقە قەترێکی (فوتووحات)ە نمێکە (مەسنەوی )

ساعیدی دەرکەوت و عالەم بوو بە موسایی هەموو
موعجزەی لێوی کە دەرخا، جوملە دەبنە عیسەوی

رامی عاشق بوونی ئەو وەحشی نیگارە موشکیلە
مەبیە هەرگیز ئەم قسە، عەنقا دەبێ وەك کەوکەوی

چاوی بیماری بە وەعدەی تیرەبارانی نیگاھ
گفتی دا  جوھدێ کە ئەی دڵ بەڵکی تۆشی بەرکەوی

مەحویا هەر ئەشك و ئاهی تۆ لە جێ جویێبوونەوەت
چوونە بەر بادی فەنایە دەرکەوی یا سەرکەوی

لە دیدی مەحوی شاعیرەوە ماتریال دیوی دەرەوەی ئایدیالە و بە پێچەوانەشەوە ئایدیالیش دیوی ناوەوەی ماتریالە .. هەربۆیە لە دارشتنی شیعرەکانیدا، کاتێ کە باسی ئەوین و عیشقە ئیلاهییەکەی دەکات، هەوڵی ئەوەی داوە کە بە کەرەسە و ئامرازی ماتریالی دێری هۆنراوەکانی بنەخشێنێت ... ئەوەش زیاتر لەبەر ئەوەیە کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ بتوانن بە ئاسانی لە جۆری عیشقەکەی بگەن .

یان بەجۆرێکی تر دەتوانین بڵێین شێوەی دارشتن و دەربرینی واتایی لای مەحوی، دوو گیانی جیاوازی بە بەردا کراوە، ئەوانەش کە گیانی ماتریال و ئایدیالە . هەر بۆیە کەسانی خواپەرست و نزیك لە ئاین و رێبازی سۆفیگەری، دیوی ئایدیالەکەی تێدەگات و بەلای خۆیدا دەیشکێنێتەوە . هەروەها کەسانی دنیایی و بێ ئاگا لە جیهانی ئایدیال، دیوی ماتریالەکەی بەدی دەکات و چێژە تایبەتیەکەی خۆی لێدەبینێت ... ئەوەش وا لە مەحوی شاعیر و سۆفی دەکات کە کاتێ  لە عیشق و ئەوینەکەی خۆی دەدوێ، بچێتە ناو تابلۆکەی ( رۆفائیل ) ەوە و لەگەڵ ئەرستۆدا پەنجە بۆ زەمین درێژ دەکات و شان بە شانی ( ئیفلاتون )یش بەرەو ئاسمان دەڕوانێ، هەردوو جیهانەکە، واتە ماتریال و ئایدیال دەکاتە تەواوکەری یەکتری، ئینجا زۆر شارەزایانە لە هەردوو جیهانەکەدا پلەی بەرزی و نزمی دیاریدەکات و لە رێبازی عیشقەکەیدا لاسایی مامۆستایان دەکاتەوە و دەڵێت : 

---

لە یەکێ لە بەردەکانی (ڤاتیکان) وێنەیەکی بەناوبانگ لە کارەکانی نیگارکێشی بەناوبانگ (رۆفئیل) لە دیوارەکەدا چەسپ کراوە ، کە پێیدەوترێ قوتابخانەی ئەسینا .

ئەرستۆ و ئیفلاتون لە ناوەڕاستی وێنەکەدان و قوتابیەکی زۆر دەورەیان داون ، ئیفلاتون دەڕوانێتە ئاسمان و بە پەنجەی هێمای بۆ کردووە ، ئەرستۆش گۆی راگرتووە لە ئیفلاتون و دەستی بۆ زەوی درێژ کردووە .

ئەم وێنەیە باسی مەزهەبی ماتریال و ئایدیال دەکات .

**دەرسی عیشقم هەر لەکن پەروانە یا بولبول بووە**
**بیگەمێ یا نەیگەمێ هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم**

من هەمیشە لەسەر دەستی پەروانە و بولبولدا مەشقی عیشقی خۆم کردووە، کە ئەویان بە بێدەگ دەسوتێ و ئەمیشیان هەر خەریکی هاوار و ناڵەیە، خۆ ئەگەر بگەمە پایەی ئەوان، یان نەگەم، هەر لەسەر دەستی مامۆستایەکدا خەریکی خۆپەروەردە کردنم .

**بێستوونی عیشقی شیرینێك ئەوا هاتـــۆتە پێش**
**گەر لە حەق بێم و نەیەم، تەقلیدی فەرهادێ دەکەم**

واتە هەرچۆن بەهۆی عیشقی شیرینەوە ئەرکی تاشینی کێوی بێستوون کەوتە ئەستۆی فەرهاد، منیش بەهۆی عیشقی ئازیزەوە ئەرکێکی ئاوام کەوتۆتە سەر شان، ئەگەر لە تواناما بێت، یان نەبێت، هەر لاسایی فەرهاد دەکەمەوە و شان دەدەمە بەر ئەو ئەرکەی هاتۆتە پێشم .

**پەروانەیەك بە بولبولی وا وت کە (بوالفضول )**
**سوتانە ئیشی ئەهلی مەحەببەت نە هولە هول**

واتە خۆشەویستی راستەقینە پێویستی بە دیمەنکاری و خۆدەرخستن نیە، بەڵکو دەبێ وەك پەروانە بەبێ دەنگی بسووتێ، نەك وەکو بولبول کە دەڵێ من عاشقی گوڵم و بەسەر چڵەکانەوە دەیکات بە هەرا و لەوەش زیاتری لە دەست نایە.

شاعیر ئەو دوو نمونەیەی سەرەوەی لە جیهانی ماتریالەوە وەرگرتووە و بەراورد لە نێوانی جۆری عیشقەکانیاندا دەکات و خۆشی دوای پلەی بەرزی عیشق دەکەوێت و وەك پەروانە بەبێ دەنگ رازیە بە سوتان و لەناوچوون .

**ئەگەر لەیلا، ئەگەر فەرهادە تا حەشر هەر بن مەمنوون**
**لە یومنی عیشقە، فەیچی  حوسنە وابەم روتبە نائیل بوون**

**دەکەن رەشتاڵەیەکی دەشتەکی باسی لەگەڵ شیرین**
**دەبەن بەرد هەڵکەنێکی کێزری ناوی لەگەڵ مەجنوون**

واتە لەیلا کە دولبەری مەجنوونە و فەرهاد کە دڵداری شیرینە، دەبێ تا رۆژی قیامەت مەمنوونی عیشق بن، کە بەهۆی پایەی عیشقەوە ئەوانیش پایەدار بوون و تا ئێستاش ناوی ئەویان لەگەڵ شیرینی ئەرمەن دەبرێ و ناوی ئەمیشیان لەگەڵ مەجنوونی عامری .
خۆ ئەگەر لە سایەی عیشقەوە نەبووایە و مەجنوون دڵی نەچووایە لە لەیلا، کێ ناوی ئەم کچە دەشتەکیە رەشتاڵەیەی دەکردە هاوناوی شۆخێکی وەك شیرین .
لەم لاشەوە، ئەگەر شیرینش دڵی نەچوایە لە فەرهاد ... کێ ناوی بەردهەڵکەنێکی هەرزە و هەڵەشەی ئەخستە پاڵ ناوی بۆ عیشق سوتاوێکی وەك مەجنوونی عامری .
لەو دوو بەیتەی سەرەوەدا، شاعیر دەیەوێ پایەی عیشق دیاری بکات، هەروەها دەیەوێ بڵێ : ئەگەر عیشق نەبووایە (منێکی ) کەم دەست و بێ توانا و بێ بایەخ، چۆن دەمتوانی بچمە هاوشانی عاشقانی دەریای ئایدیالەوە و نەئەبوومە شایانی کۆڕی مەینۆشانی ئەو خەراباتە .. بەڵام ئێستاکە بەهۆی پایەی عیشقەوە خۆم بە شایانی ئەو پلە و پایە و مەقامە دەزانم .

**لەبەر دەرگاهی عیشقا یەکسەرە هەرکەس سەری دانا**
**ئەگەر پەتیارەیەك بوو، بوو لــە صەد عەللامە داناتر**

کەواتە هەرچی لەبەر دەرگای عیشقدا توانی سەری دانێ، ئەوا هەر بەو خۆبەختکردنە لەو رێگەیەدا لە سەدان زانا زیاتر دەزانێ ... با خۆشی سەرەتا پەتیارە و هیچ لەبارانەبوو بێت .

**رەهرەوی رێگەی مەحەبەت وا دەبێ هەر سەعیەتی**
**تا هەیە لەم رێگەیە ئاخر کـــــاری سەردانانە رۆژ**

رێبواری رێگەی عیشق و مەحەبەت دەبێ وەك رۆژ وەهابێ، هەر بەرِیوەبێ و هەوڵبدات............ با سەرئەنجامیش سەردانان بێ لەو رێبازەدا .

**خودا ئەم دەردی عیشقەم لێنەکا کەم**
**هەتا هەم بەس لەباتی هەر دەوا بەس**

خودا ئەم دەردی ئەوینەم لێ کەم نەکەیتەوە و دڵم هەمیشە پرِبێ لە سەودای عیشق، تا ماوم ئەو دەردەم بدەرێ لە جیاتی هەموو دەواو تیمارکردنێ .

**عیشق ئاگرێکە بەربووە هەر کەس دەبێ بە کەس**
**گەر رۆژە رەش وەکو شەوە بێ، بوو بە شەوچراغ**

ئاگری عیشق بەربووە گیانی هەرکەسێ، دەیکات بەکەس، واتە دەیکات بە پیاوێکی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر ڕۆژە ڕەشی عاشق وەك تاریکە شەو وابێ، وەهای ڕۆشن دەکاتەوە، وەك چۆن گەوهەری شەوچراغ لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە .

**سەکینەی مەرتەبەی سووتانیە ئاتەش پەرستی عیشق**
**ئەگـــەر صاحیب ئیرادەت بی عەجەب پیرێکە پەروانە**

شاعیر لێرەدا ڕیگەی عیشق پێشانی ئادەمیزاد دەدات و دەڵێ : ئەوەی ئاگری عیشق بپەرستێ و کەفوکوڵی دڵی بەوە دابمرکێتەوە، کە بگاتە پایەی سوتاندن ... خۆ ئەگەر تۆش مرۆڤێکی جەسوور و خاوەن بڕیاری، بەراستی پەروانە ڕێ پێشاندەرێکی تەواوە، دەتوانی دەرسی عیشقی ڕاستەقینەی لێوە فێربی .

**شەو کەسێ پرسی لە خۆدەرخستنی پەروانە شەو**
**ئەو وتی ناتێگەیشتو، تەجرەبـەی مـەردانە شەو**

واتە یەکێ پرسی لە خۆدەرخستنی پەروانە... بۆچی هەر لە شەودا خۆی دەردەخات .؟
ئەگەرچی لە ڕۆژدا سەدان جاریش چرا داگیرسێ خۆی لە دەوری ناگێڕێ .
ئەویش وتی چونکە شەو مەیدانی خۆتاقیکردنەوەی مەردانە، دیارە پەروانەش عاشقێکی مەردە، ئەگینا هەمیشە خۆی نەئەدا بەدەم ئاگری چرا و مۆمەوە و بە بێدەنگی خۆی نەئەسووتاند .

پاشان شاعیر لە چەند بەیتێکی تردا باسی چۆنیەتی عاشقی راستەقینەمان بۆ دەکات و بە بیری فەلسەفەکەی دەڕوانێتە رەمزی عاشقێتی ...

**خۆشی فەرموو چ مەجنوون و چ مەنصور**
**بەشی عاشق درا هـــەر بــەرد و هـــەر دار**

واتە مەجنوون و مەنصوری حەلاج چاکیان فەرمووە، کەدەڵێن : بەشی عاشقان لەم دنیایەدا یا دەبێ وەك مەجنوون بەردەباران بکرێ یان وەك مەنصور دەبێ لەدار بدرێ .

**دەبینم ئەهلی دڵ یا سەنگەسارە یـا لــەسەر دارە**
**دیاری عیشق ئەگەر ساغت دەوێ، هەر دارە هەر بەردە**

وولاتی عیشق و ئەوین پڕ لە بەردو دارە، بۆیە عاشق سەرئەنجام، یا بەردەباران دەکرێ، یا بە سێدارەدا هەڵدەواسرێ .

**هەر ئاهی عاشقە دەمــی پێ بێتە پێکەنین**
**ئەم غونچە بەو نەسیمەیە بیپشکوێ دەماغ**

لێرەدا شاعیر ئەو قوربانیانە دیاری دەکات کە دەبێ عاشق پێی هەستێ و خۆی بەخت بکات تا ئازیز بەختەوەر بکات، بۆیە لەو بەیتەی سەرەوەدا دەڵێت : هەر هەناسەی ساردی عاشقانە کە بۆ ئەوە بشێ تا دەمی یاری پێ بێتە خەندە، چونکە دەبێ خونچەی دەمی ئازیز بە نەسیمی هەناسەی عاشقان دەماغی بپشکوێ .

**بێمه کوێ ؟ دولبەر وتی، گەر چاوە گۆفانێکی ئەشك**
**دڵ، تەنـــووری ئاگــری عیشق و خــورۆشی ئیشتیاق**

یار وتی گلەیی دەکەیت کە نایەم بۆ لات، ئاخر بێمە کوێ ؟
ئەگەر بێمە ناو چاوەکانتەوە، ئەوەتا لافاوی فرمێسك تێیاندا هەڵساوە و لەوانەیە بمخنکێنێ ... خۆ ئەگەر بێمە دڵتەوە، دەبینم ئاگری عیشق و خرۆشی ئارەزووی دیدار کردوویەتی بە تەنوور و لەوانەیە بمسوتێنێ .

**تینوو بە خوێنی عاشقە ئەی دڵ ببە بە خوێن**
**ئـــەو لێوە، مژدەبێ دڵــی پڕ خوێنیە گەرەك**

ئەی دڵ مژدەبێ، ئەوا یار بەخوێنی عاشقانی تینووە .... لێوەکانی ئارەزووی دڵێکی پڕ لە خوێن دەکات، ببە بە خوێن و با بتخواتەوە .

**شێرێکی پێ لە سیلسیلەدایە ئەسیری عیشق**
**مەردی بزانە زینەتی مــەردانە تەوق و رەوق**

عاشق شێرێکی زنجیرکراوە، گرفتار بوونیش بەداوی عیشق شورەیی نیە بۆ عاشق، هەرچۆن شێر لکەدار نابێ بەوەی کە زنجیر بکرێت .

**لە رێگەی مەهلەکەی عیشق ئەر بەلاجۆ نی، برا لادە**
**ئەوی من چــووم و لەوما دی هەر ئاه و داد و فریادە**

لێرەدا شاعیر ڕووی ئامۆژگاری دەکاتە ئەوانەی کە کوڕی کۆڕی بەزمی عیشق نین ... پێیان دەڵێت : ئەگەر بەدوای بەڵادا ناگەڕێن، برا لەو ڕێبازی پڕ لە مەترسی عیشقە لادەن، چونکە ئەوەی پیا ڕۆشتووم و دوچارم بووە ...هەر ئاه و ئەشك و داد و بێ دادە .
هەروەها بە لادەران لە ڕێی ڕاستی و هیچ لەبارا نەبووانی ئەو ڕێبازەش دەڵێت :

**زاهید وەرە ڕووبە بکەرە بارەگاهی عیشق**
**عالی جەنابە، وانیە هەر ڕێ بدا بە کـەس**

واتە بارەگای عیشق پایەی بەرزە و دڵ فراوانە، جێی هەموو کەسێکی تێدا دەبێتەوە، دەسا زاهید ڕوویەکی تێبکە .
دوای ئەو هەموو دەرد و بەڵا و ئازار و ئەشکەنجەیەی کە بەهۆی عیشقەوە توشی مەحوی بووە، کەچی دەستبەردار نابێ و هەر لەسەر ڕێبازەکەی خۆی بەردەوامە و دەڵێت :

**دیارم دەیری عیشقە، جێ بە سووتن بێ لەوێ دەگــ،رم**
**کە من مشتێ چڵ و چێووم، بەچی بم کەڵکی کێ ئەگرم**

واتە من خەڵکی وڵاتی عیشق و ئەوینم، ئەگەر سەرتاپام بسووتێ دەست لەوێ هەڵناگرم، خۆ من بە هۆی عیشقەوە ئەوەندە لەڕ و لاواز بووم، وابووم بە مشتێ چڵوچێو، ئیتر کەڵکی چیم پێوە ماوە، بۆچی بمێنمەوە، با هەر لەوێ بسوتێم .

**دەزانـــم بــادیــەی عیشقە خەتەرنـــاك**
**کەچی هەر چووم، ئەگەر مام و ئەگەر چووم**

دەزانم چۆڵ و بیابانی عیشق کاکی بە کاکی و پڕ

مەترسییە، لەوانەیە عاشقان سەری لێدەرنەکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا سەرێکە و هێناومە ناگەرێمەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە دەمێنم یان تیادەچم .

**دوهاتی ئەورووپـا وەك ئەهـلی دیهات**

**لە چارەی دەردی عیشقا جوملە دامان**

واتە بلیمەت و زیرەکەکانی ئەوروپاش بە چەشنی گوندیەکانی لای خۆمان، لە چارەی دەردی عیشقدا داماو و نەزانن .

**بە خۆکوشتن نەجاتی خۆبدە (مەحـوی ) وەکو فەرهـــاد**

**لە زۆری قەهرەمانی عیشق، ئەفەندم هەر ئەجەل بەستە**

واتە .. مەحوی سەرئەنجامت وەکو فەرهاد سەردانانە، هەرچۆن ئەو لە پێناوی شیریندا گیانی لە دەست دا، تۆش لە پێناوی بەردەوام بوونت لەو رێبازەدا هەمان چارەنووس چاوەڕوانت دەکات .. چونکە تەنیا ئەجەل و مەرگ پەنای دڵدارانە لە ئاستی قارەمانێکی وەك عیشقدا .

**<u>سەرئەنجام</u>** :

ئەمەندە بەسە بۆ ئەوەی مەحوی بخاتە دەریای عیشق و سۆفیگەریەوە، چونکە شاعیر لە زۆر گۆشەی دیوانەکەیدا بیروباوەڕی سۆفیگەری دەربڕیوە و بێ نرخیی دنیای ماتریالی خستۆتە بەرچاو، هەروەها عیشقێکی بێ سنووری لە دەروونی خۆیدا پەروەردە کردووە و هەمیشە دڵی خۆی بە سەرچاوەی راستەقینەی ئەو عیشقە دادەنێ و هەموو ئەندامەکانی هەستی و ژیری وەلاناوە .

# حەلاج ......
# لە جوانکاری
# شیعری
# (مەحوی) دا

ووردەکاری و رەوانبێژی بە هەموو بەشەکانیەوە، کارێکی هونەرییە و لە بەرهەمی زۆربەی شاعیرانی کورددا رەنگی داوەتەوە . کە بە پێی وریایی و بیرفراوانی ئەدیب و شاعیرەکان، لەو بابەتە هونەریە مۆرکی تایبەتی خۆی دەردەخات بە بەرهەمەکانیانەوە .

وەك ئاشکرایە، هونەری رەوانبێژی، بابەتێکی زۆر ناسکە و پڕە لە وردەکاری جوان و بیر و ئەندێشەی فراوان، کە شاعیران و نوسەران، بەپێی کات و سەردەمی هەژاندنی بیری بابەتەکانیان، لە دێڕی هۆنراوەکانیان، یان نوسینەکانیاندا، بەگشتی دەینەخشێنن .

لێرەدا من نامەوێ بەدرێژی باس لە هەموو لایەنەکانی رەوانبێژی بکەم، بەڵکو تەنیا ئەو لقە گچکەیەی کە مەبەستمە، ئەویش کە تێلنیشانە (تلمیح) و دەکەوێتە بەشی جوانکاریەوە .

تێلنیشان، ئەو هونەرەیە کە شاعیر لە شیعرەکانیدا هێما دەکات بۆ داستانێك، کارەساتێك، پەندێکی پێشینان، یان ئایەتێکی قورئان .

ئێمە ئەگەر بمانەوێ لە دیوانەکەی مەحویدا بەدووی هونەری تێلنیشاندا بگەڕێین، ئەوا دەبێ پرۆژەیەکی تایبەتی بۆ رێکبخرێ، نەك لە چوارچێوەی وتارێکدا باسی لێوەبکرێت .

بێگومان کارێکی ئاوا گەورە و گران، ساڵان دەخایەنێ، تا سەرچاوەی نزیك لە بابەتەکان پەیدادەکرێ، ئەوەش ماندوبوونێکی زۆری دەوێ، چونکە لە راستیدا هەر بەیتێکی شعرەکانی مەحوی بگرین و بەووردی توێژینەوەی لەسەر بکەین، لە رووی رامیاری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەلسەفیەوە، دەریایەکی پڕ لە گەوهەر و بیرێکی قوڵی پڕ لە زانستییە . منیش خۆم بە مەلەوانی ئەو دەریایە نازانم، بۆیە ناچار لە کەناری ئەو دەریایەوە و لەگەڵ ئەم وتارە گچکەیەدا، تەنیا وشەی (مەنصور) دەگرم و بەپێی توانا و بە یارمەتی کۆمەڵێ سەرچاوە لەو رووەوە، توێژینەوەکەم پێشکەش دەکەم ... بەهیوای کەڵك گەیاندن .

بەو مەبەستەی کە بابەتەکەمان تێروتەسەل بێت، بەچاکی دەزانم کە کورتەیەك لەبارەی مەنصوری حەلاجەوە بدوێم .

**مەنصوری حەلاج کێیە** ؟ و با بزانین پێناسنامەکەی دەڵێ چی ؟ و زانایان و مێژوونوسان دەبارەی حەلاج چییان گوتووە ..؟

حەلاج : ناوی ..حسین کوڕی مەنصور کوڕی محەمەدە، کە لە شاری (بیضاء) لە خێزانێکی هەژاری فارسدا چاوی هەڵهێناوە . شاری بیضاء (بیضاء) دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دیجلەوە و زۆر لە شیرازەوە دوور نییە . بەهۆی ئەو قەڵا سپیەوە کە لە دوورەوە بەدی دەکرا لە ناو شارەکەدا، بۆیە ناویان لێناوە (بیضاء) .

ئەو سەردەمەی کە حەلاجی تیا لەدایك دەبێت، سەردەمی فرمانڕەوایی دەوڵەتی عەبباسییە، حەلاج لە تەمەنی خۆیدا فرمانڕەوایی یانزە خەلیفەی ئەو دەوڵەتەی بینیوە، کە یەکەمیان ( المتوکل) بووە، دواییەکەشیان (المقتدر ) بوو، کە فرمانی کوشتنی مەنصوری مۆرکرد ...

لەو کاتەدا دەوڵەتی عەبباسی زۆر پەرشوبڵاو بوو، چەند دەوڵەتێکی بچوك و میرنشینی لێجیاکرابووەوە .

کاتێ کە شۆڕشی زنجیەکان لە بەصرا، ساڵی (877) ی میلادی دەستی پێکرد، حەلاج تەمەنی دوانزە ساڵان دەبێت، هەروەها بە دامرکاندنەوەی شۆڕشەکە تەمەنی دەبێ بە (26) ساڵ، بەهۆی ئەو شۆڕشە و چەند رووداو و کارەساتی ترەوە، کە کاری کردە سەر بارودۆخی ئەو کاتە، قۆڵبڕی و دزی و جەردەیی و زوڵم و زۆر و راو و رووت و خراپەکاری تەشەنە دەکات . ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای ئەو سەردەمە هەندێکی زۆریان بەلای خراپەکاریدا دەڕۆن و ئەوانەی تریش کە کەمێك تروسکەی خواپەرستی لە دەرونیاندا مابوو، روودەکەنە گۆشەگیری و بەرەو دەریای بێ سنووری پڕ لە ئارام و هێمنی دەچن .. ئەوەش کە فەلسەفەی سۆفیگەرییە .

تاقمی یەکەمیش بۆ گونجاندنی بارودۆخی لەبار بۆ ژیانی تایبەتی خۆیان، سڵیان لە هیچ نەکردۆتەوە و دژی یاسا و رژێمی مرۆڤایەتی کاریان دەکرد .

مەنصوری حەلاج لەناو ئەم کێشەیەدا، هەڵوێستی خۆی دیاری دەکات و پەیوەندی دەکات بە (سهل عبدالله تستری ) ەوە، کە ئەو کاتە تەکیەکەی لە نزیکی شاری بەصرا بوو .

پاش مردنی (سهل) ئینجا بەرەو بەصرا دەچێت و وەك سۆفیەکی ئازا و جەربەزە، رێگەیەکی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجە دەبڕێ و لە وەرزشێکی بیری و گیانی و جەستەییدا سەرقاڵ دەبێت، بۆ بەدەستهێنانی پلەی (مرشد) هەروەها بۆ پەیداکردنی هەندێ (مورید)، پاشان بەرەو بەغدا دەکەوێتە رێ، لەو کاتەدا شێخ (جنید بغدادی) لەگەڵ ئەو کۆمەڵەدا کە بەناوی (المعتزله ) وە پەیدابووبوون، لە بەربەرەکانییەکی توندا بوون .

(المعتزله) ئەو کۆمەڵە بوون کە هەموو شتێکیان بە پێوانەی عەقڵ و ژیری دەپێوا، بڕوایان بەو شتانە نەبوو کە دەماودەم دەگێڕڕانەوە ... هەندێ لە سەرچاوەکان، ئەم کۆمەڵە دەکەن بە سێ بەشەوە، یەکەمیان زاناتر بوون لە دوو بەشەکەی تر، هەروەها دووەم چاکتر بوون لە دوو بەشەکەی تر، چونکە نزیك تر بوون لە بۆچوونی زانایانی ئاینییەوە، بەشی سێیەمیش بە چەشنی ( سۆفسەتایەکان) تەنیا هەر قسەیان بە زۆران دەدا .

ئەم کۆمەڵە بەهیچ جۆرێ بڕوایان بە سۆفیگەری نەبووە، چونکە بیر و فەلسەفەی سۆفیگەری بەر کاریگەریی هەستەکان نەدەکەوت و لە دیوی ئەودیوی سروشتا دەبینرا، کە ئەوەش عەقڵ و ژیری دەستەڵاتی بەسەردا نیە .

ئەمە وای لە حەلاج کرد، بە گەیشتنی بۆ بەغدا، دەست بکات بە خۆپەروەردە کردن، بەو زانیاری و زانستییەی کە لەلای شێخ (جنید) چنگی دەکەوت، بەهۆی ئەو راچەنینە بەربەرەکانییەی نێوان فەیلەسوفەکان و ئەو قسەکەرانەی کە دەیانویست زاڵ بن بەسەر بیروهۆشی خەڵکیدا بە تاقیکردنەوەی ژیری .

بەڵام حەلاج لێرەدا کۆششی گیانی بە چاکتر دەزانی لەو دەمەتەقێ و زۆرانبازییەی نێوان ئەو دوو تاقمە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە حەلاج زیاتر روو بکاتە خوا، بە مەبەستی

پەیداکردنی زیاتر توانا و وزەی گیانی (رۆحی ) کە لە ئەنجامدا بووە هۆی ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجەیەی کە بەسەری هات لە شاری بەغدادا .

لەو شوێنانەی کە دیدەنی کردبوون، بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە خەوی بێ ئاگایی دنیایی ...

بە شێت و جادوگەریان دادەنا، هەروەها ئەوانەش کە بڕوایان بە زانیاری ناوەوە هەبوو، بە راستیان دەزانی و گوێیان بۆ وتەکانی شل دەکرد و لە زۆر لایەنی ئاینی و فەلسەفیەوە راوێژیان پێ دەکرد .

ئیتر وردە وردە حەلاج لە کارەکەی خۆیدا دەتوایەوە ... تا وای لێهات پێش سەردەمەکەی خۆی کەوت و هەموو شوێنێکی بە میمبەری سەربەست دەزانی و بانگی حەقبێژی تیا دەدا و دەستی کرد بە گەیاندنی بیری سۆفیگەریانە و خەریکی وریاکردنەوەی خەڵکی بوو لە هەموو لایەنێکی ژیانەوە و بە پێوانەی ئاین و فەلسەفەی سۆفیگەری ... کە زۆر جاریش بەرەنگاری دەوەستانەوە و گاڵتە و تەشقەڵەیان پێدەکرد .

دەگێڕنەوە کە حەلاج جارێ لەو جۆرە خەڵکانە تووڕە دەبێت و لەو شوێنەی لێی راوەستابوو پێی دەدا بە زەویدا و دەڵێت : ( ربكم تحت قدمی ) واتە خوای ئێوە لەژێر پێمدایە . ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە رژێمی ئەو سەردەمە بیکات بە بیانوی زیندانکردنی .

بەهەرحاڵ مەنصور گیرا و لە زیندانیان توندکرد، تاوانەکەشی لێبووردنی بۆ نەبوو، چونکە ئەو کاتەی کە بیروبڕوای حەلاج لەناو خەڵکیدا خەریك بوو زیاتر تەشەنەی دەکرد و بڕواپێبووان و وەدووکەوتوانی زۆر بوون، دەوڵەتیش خەریك بوو بەرەو لاوازی دەچوو، زیاتر بەهۆی جوڵانەوەی فاتمیەکانەوە لە ساڵی (909) میلادیدا، هەر ئەوەش وایکرد کە چاودێری هەڵسوکەوتی مەنصور بکەن، ئەوەبوو دوای دوو ساڵێك، واتە لە ساڵی 913م گرتیان و بۆ لێپرسینەوە ناردیان بۆ بارەگای وەزیری مەزن (علی کوڕی عیسی ). بەڵام بەهۆی ئەو بارە ناهەموارەی ناو شاری بەغداوە، نەیانتوانی راستەوخۆ فرمانی لەداردانی

دەربکەن ... ناچار بۆ ماوەی هەشت ساڵ لە زیندانا هێشتیانەوە، لەو ماوەیەشدا خەڵکی ڕێی دەدرا کە سەردان و دیدەنی بکەن . زیندانەکەشی هەر لە بارەگای خەلافەتدا بوو .
ئیتر حەلاج ئازایانە قۆڵی چالاکی و زانیاری لێهەڵدەماڵێ و دەستدەکات بە بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی خۆی، زۆربەی ئەوانەی کە دەچوون بۆ دیدەنی چەردەیەك لەو بیروڕا فەلسەفیانەی حەلاجیان وەردەگرت . هەروەها لەو ماوەیەدا کتێبێکی نوسی، کە هەندێ لە سەرچاوەکان دەڵێن گوایە نزیکەی پەنجا نوسراوێکی هەبووە .
لەوانەش : (الطواسین ) کە ساڵی 1913م لەلایەن ( لویس ماسینیون )ەوە لە فەڕەنسا بەچاپ گەیەنراوە .بەڵام بەداخەوە کە زۆربەی نوسراوەکانی تری لەناوچوون .
پاشان لە ساڵی 922م لە ئەنجامی ئەوەی کە چەند ڕووداو و کارەسات و ئاژاوەی جۆربەجۆر، بەهۆی باری نالەباری ئابووری وڵاتەکەوە پەیدا بوو بوو، کە هەڕەشەی لە مانی دەوڵەتی عەباسی دەکرد . حەلاج دەبێتە قوربانی ئەو بارە رامیاریە و بەناوی سەرۆکی جوڵاندنەوەی بیری سۆفیگەری و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی ( خۆراسان )ەوە بڕیاری لەداردانی دەدرێت . بەتایبەتی دوای دانانی وەزیری نەخوێندەوار و دەرەبەك ( حامدی کوڕی عەباس ) کە لە شاری ( واسط ) ئاگاداری چالاکیەکانی مەنصور بووە .
بڕیارەکەش لەلایەن سێ دادپرسەوە دەرکرا، کە سەرۆکەکەیان لەسەر مەزهەبی مالیکی بوو، هەروەها دووانەکەی تر کە یەکێکیان قازی بەری کەرخ و ئەویتریان قازی رەصافە بوو، لەسەر مەزهەبی حەنەفی بوون، بەڵام ئەو دادپرسانەی کە لەسەر مەزهەبی شافیعی بوون هاوبەشیان نەکردبوو .

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە مەنصوری حەلاج لەسەر وتەی ( انا الحق) لەدارنەدراوە، بەڵکو تاوانەکە لەوەش گەورەتر بووە و بەهیچ جۆرێ لێبوردنی بۆ نەبووە، چونکە لە لێپرسینەوەکەدا باسی ( انا الحق) نەکراوە .

بڕیاری دادگا دەردەچێ و فرمان دەدرێ کە هەزار داری لێبدرێ و پاشان سەری و هەرچوار پەلیشی دەبرن و لاشەکەی دەسوتێنن و سەرە بڕاوەکەش دەنێرن بۆ خۆراسان تا لکەی ئەو بارە رامیاریەی پێداپۆشن، بەناوی ئەوەوە کە هاورێ و باوەڕپێبووانی لەوێ زۆرن .

ئەمەندە بەسە بۆ خوێندەواری بەڕێز، کە شتێك دەربارەی پێناسنامەکەی حەلاج بزانێت، هەرچەندە زۆر سەرگوزەشتە و بۆچوونی هەمەجۆر دەربارەی مەنصور هەیە، بەڵام لێرەدا لەمە زیارت هەڵناگرێ و لە باسەکەمان دوورمان دەخاتەوە .

لێرەوە بابزانین بۆچی مەحوی شاعیر ئەوەندە وشەی مەنصوری لا پیرۆزە و هەروەها بۆچی هێندە هێمای بۆ کردووە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە باس باسی حەق و حەقبێژییە .

هەروەك لەو کورتەباسەی حەلاجدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەهۆی ناهەمواری زەمانە و رژێمی زۆردارەوە، بیری سۆفیگەری سەرهەڵدەدات و خەڵکێکی زۆر لە خۆی گرد دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو چین و گورویانەی بێزاری دەردەبڕن و دژی بەرەی خوێنمژانی میللەتن .

چونکە سۆفیگەری خۆی لە خۆیدا دەنگی بێزاری دەربڕینی خەڵکیە بەڕووی بەرەی ستەمکار و خوێنمژانی کۆمەڵگای ئیسلامیدا .

مەحویش لەسەردەمێکی دژوار و نالەباردا، کە سەردەمی روخاندنی ئەمارەتی بابان و فرمانڕەوایی عوسمانیەکان بوو، ئەمەش وەك ئەوەی کە شاعیر بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست و چەرخی تاریکی، زمانی حاڵی گەلی چەوساوە و رەخنەی توندوتیژی هوشیارانی گەل بووە، لە زۆرداری و لە چەوسانەوە و روتاندنەوە و پێشێلکردنی راستی .

مەحوی شاعیریش، هەروەك شاعیرێك لەو بارودۆخە ناهەموارەدا دەژیا و سۆفیگەریش دەریای پڕ لە ئارام و هێمنی دەروونی سۆفیەکانە، لەو بووارەوە بە هەڵی دەزانێ کە ئازایانە و بەبێ سڵکردنەوە، وەك شاعیر و سۆفییەکی پێگەیشتوو، هۆنراوەکانی دەکاتە میمبەری بانگی حەقبێژی .

هەروەها دەیانکاتە چقڵی چاوی تاوانباران و رووبەرووی زۆر لەوانە دەبێتەوە کە بەناوی ئایینەوە دەیانەوێ بە مەبەستی گڵاوی خۆیان بگەن و خوێنی گەلی ستەمدیدە بمژن .

هەر ئەوەشە کە بەشێوەیەکی فراوان، کارەسات و رووداوە مێژووییەکان بە روونی لە هۆنراوەکانی مەحویدا دەردەکەوێ، وەك هێمایەك بە مەبەستی پێکاندنی ئەو راستیانەی کە دەیەوێ لە سەردەمەکەی خۆیدا دانیان پیابنێت .

ئیتر فەلسەفە و رووداو و کارەساتی مێژوویی تێکەڵ دەکات بە بیر و ئەندێشەی ناسکی شاعیریەوە و دەیەوێ سەردەمەکەی ئەوسای شاری سلێمانی بە پێنوسی هوشیاری بگۆرێت .

حەقبێژی دەکاتە ئاڵای خەباتەکەی، دژی رژێم و خواروخێچی زەمانە، بۆیە حەلاج لە هەموو ئەو هۆنراوانەدا دەردەکەوێت کە باس لە حەق و حەقبێژی دەکات و هەمیشەش بێباك بووە لەو ئەنجامەی کە مەنصوری حەلاج پێیگەیشتووە .

**هەتا حەق ناصیرە هەر حەقمە مەنظور**

**وەکو (مەنصور) ئەگەر بمکەن بە دارا**

بێوەفایی دنیا و زەمانەی هیچوپوچ دەیان راستی بە مەحوی شاعیر دەدرکێنێ، بۆیە لە بەیتەکانی تری ئەم هۆنراوەیەدا دداندەنێ بەو راستیانەی کە بۆ ئەهلی دنیایی، وەك خەنجەری دەبان وایە و سەردڵیان دەبڕێ .

جا شاعیر دوای دەسنیشانکردنی ئەو راستیانە، بیرێ لە وتەکانی خۆی دەکاتەوە و دەزانێ تا چی رادەیەك هێرشی کردووە، بۆیە باکی لە ئەنجامەکەی نیە و بە راشکاوی دەڵێت : تا خوا یارمەتیدەر بێت، هەر حەق دەڵێم، ئەگەرچی لەسەر ئەو حەقبێژیەش وەکو مەنصور بکرێم بە دارا .

**با حەقیشی بێ، لەبۆ مەنصور انا الحق حەق نیە**
**شێتیە مەجنون ئەگەر بێ نازی لەیلایی بکا**

شاعیر، لێرەدا رووی رەخنە دەکاتە مەنصور و دەڵێت :

هەرچەند لەسەر حەقیش بێت، بەڵام مەنصور نەدەبوو لافی خوایەتی لێبدات و بڵێ (انا الحق)، واتە من خوام !! چونکە بەپێێ دیوی دەرەوەی زانیاری ئایینەوە، کە گوێ نادات بە باری دەروونی و کوورەی دڵی پڕ لە عەشقی مەنصور بەرامبەر ئازیزەکەی کە خوایە . با لەلای ئەو زانایانەی کە چاوی دڵیان دەبینێ و دڵنیان لە راست و دروستی وتەکانی مەنصور و ئەو هەستەی هەیەتی بەرامبەر خوای خۆی . بەڵام لەبەرئەوەی یاسا و رژێمی ئیسلامی پەسەندی ناکات، چونکە ئایین واقیع بینە، بۆیە دەبێ فرمانی لەداردانی بەسەردا بدرێ و وتەکەی مامەڵەی کفرێکی لەگەڵدا بکرێ کە لێبوردنی بۆ نییە .

لێرەدا منیش دەڵێم، ئەگەر مەحوی کەمێ ئاگای لەو (لاو)ە بووایە کە لە سەردەمی موسا پێغەمبەردا داوای لە (موسا) کرد کە بەخوا بفەرمووێت تا کەمێ لە خۆشەویستی خۆی پێ ببەخشێ ... موساش پێی وت : گەیشتن بەو پایەیە لەڕێی کۆشش و هەوڵدانەوە دەبێت، نەك بە داواکردن .

لاوەکەش وتی: بۆ تۆ هیچی تێناچێ، ئەو داخوازیەم بۆ بکە .

بەڵی دوای ئەوەی کە موسا پێغەمبەر، لەسەر کێوی (طور ) لە وتەکانی دەبێتەوە لەگەڵ خوای خۆیدا، ئینجا داخوازیەکەش بۆ لاوەکە دەکات .

خوای گەورەش دەفەرمووێت : ئەوا دەیەکی گەردێ لە خۆشەویستی خۆم پێبەخشی .

موسا له گەڕانەوەیدا لاوەکە دەبینێ کە لەسەر تاشەبەردێك رەق راوەستاوە و رووە و ئاسمان دەڕوانێ . ئەمیش دەچێ بەلایەوە تا مژدەی ئەوەی بداتێ کە خوا خۆشەویستی خۆی پێبەخشیوە .. هەرچەند بانگی دەکات و پەلی رادەکێشێ، لاوەکە وەڵام ناداتەوە . ناچار ئەویش بەجێیدێڵێ و پاش چەند رۆژێ کە موسا دەگەڕێتەوە بۆ هەمان شوێن، سەیرئەکا لاوە هەر راوەستاوە و تەماشای ئاسمان دەکات، کە ئەمجارەیان لێی نزیك دەبێتەوە، سەیرئەکا گیانی سپاردووە و بەرگەی ئەو دەیەکەی گەردێ لە خۆشەویستی خوای نەگرت و مرد ...

جا بابزانین واتای خۆشەویستی چیەیە ؟

**خۆشەویستی** چەسپینی شتێکی پەسەندە لە دڵدا، **عیشقیش** پلەیەك لەسەرو خۆشەویستیەوەیە، **فەناش** یا بە واتایەکی تر توانەوە، پلەیەکی سەرو عیشقە، کە لەئەنجامی تین و تاوی عیشقدا پەیدادەبێ، خاوەنی عیشق ئاگای لە خۆیەتی و دەزانێ چی دەڵێ، بەڵام خاوەنی فەنا بێئاگایە، بەکورتی هۆش و هەستی خاوەن فەنا بەهۆی ئەوەی لە دڵیا چەسپیوە نامێنێت و وای لێدێت کە خۆی و ئەوەی لە دڵیایە لە یەك جیاناکاتەوە، واتە خۆی لەبەرچاوی خۆی نامێنێت ....بۆیە ئیمامی غەزالی دەڵێت: (کلام العشاق، فی حالة السکر، یطوی و لا یحکی ) خۆ حەلاجیش مەستی عیشقی هەر ئەو خوایە بوو کە لاوەکەی زەمانی موسای وشك کرد ... کەواتە (انا الحق ) ئەو تاوانە نیە کە حەلاج بخاتە بەر نووکی خامەی رەخنە .

بەهەرحاڵ بەپێی زانیاری ( ظاهری ) ئایین مەحویش حەقیەتی کە بڵێ: نابێ مەنصور لافی خوایەتی لێبدات، چونکە ئەگەر (مەجنون ) نازی (لەیلا) بکات و بڵێ من لەیلام، ئەوا لە عاشقی و مەجنونی دەردەچێت و دەبێتە شێتك کە شیاوی بەردەباران کردنە، لەبەرئەوەی کفرێکی گەورە دەربارەی پایەی لەیلا و یاسا و رژێمی سروشتی دەکات .

شاعیر هەر لەم هۆنراوەیەدا کە ئەم بەیتەی تیا هاتووە، دیسان راستی دەدرکێنێ لەبارەی دنیا و ئەهلی دنیاییەوە و باسی پلە و پایەی عیشق دەکات ،کە دینی ئالۆوێردەکات بە شتی پڕوپوچی دنیایی، ئەوەش بە وردەکارییەکی جوان دەکاتە پلار و توانج و دەیگرێتە ئەو کەسانەی ئایینیان کردۆتە پەردەی مەبەستی بەرژەوەندی خۆیان، ئەوەش بە حەقیقەتێکی ئایینی دادەنێ کە وەك زانایەکی ئایینی دەیەوێ چاری هەندێ لەو کەموکوڕیانە بکات کە لە دەوروبەری خۆیدا بەدیدەکات .

**تەڵەبی رەحم و مرووەت لە دڵی ئەهلی زەمان**
**تـەڵـەبی ئـاوی حەیاتە لـە سەرابستانـا**

**قاتی پیاوە لەسەر ئەم ئەرزە، دەبینی مەنصور**
**بەسەری دارەوە، ( ذاالنون )ە لەبن زیندانا**

مەحوی لەناو ئەهلی ئەو چەرخ و زەمان و سەردەمەی خۆیدا بەزەیی و پیاوەتی لە کەسدا بەدیناکات، بۆیە دەڵێت: هەروەك چۆن ئاوی ئاسایی خواردنەوەش، نەك ئاوی ژیان، لە شوێنی تراویلکەدا (سراب) بەدیناکرێت و دەستناکەوێت، ئاواش بەزەیی و پیاوەتی لە ئەهلی ئەم زەمانەدا بۆتە خەیاڵ پلاو و چنگ ناکەوێت . بۆ سەلماندنی بیرەکەشی، هێما دەکات بۆ دوو داستان، کە یەکەمیان پیاوەتی و لاوچاکی مەنصوری حەلاج دەردەخات و، دووەمیشیان پیاوەتی (یونس) پێغەمبەر پێشان دەدات .
(محمد ابن الخفیف ) کە یەکێکە لە موریدانی مەنصوری حەلاج، دەڵێت: رۆژێك بەر لەداردانی حەلاج چووم بۆ زیندانەکەی تا دوا دیدەنی بکەم..لە کۆتایی دیدەنیەکەمدا پێش ئەوەی خواحافیزی لێبکەم، وتم : لەوانەیە ئیتر یەکتر نەبینینەوە، لەبەر ئەوە هەندێ شت

لام ئالۆزە، ئەگەر بفەرموویت، بە چاکی دەزانم کە ئەو شتانەم بۆ شیبکەیتەوە بۆ ئەوەی لە لێکدانەوەیاندا بەهەڵەدا نەچم و کردەوەیان بە راستی پێبکەم، شتەکانیش ئەم سێ وشەیەیە:

- زوهد
- فتووەت
- مرووەت

مەنصور وتی: (زوهد) ...لەگەڵ ئەوەشدا دەستی درێژکرد و لەپڕ چەند پارچە پارەیەکی زێڕ، کە لەسەریان نوسرابوو (قول هو الله ) رژانە لەپی دەستیەوە . فەرمووی ئەمانە نیعمەتێکی چاکە و وابزانم لەمەش بە نرختر نییە .... وانییە ؟؟

منیش بە دڵنیاییەوە وتم بەڵێ وایە .. ئینجا دەستی وەرچەرخاند، واتە رووی لەپی دەستی کردە زەوی، کەبینیم پارە زێڕەکان لەناو دەستیا نەماوە، پاشان فەمووی : (زوهد) ئەوەیە، (شتێك بتەوێ ببێ، ببێت، بەڵام نەتەوێ ببێت ! !)

هەروەها فەرمووی: بەڵام (فتووەت ) چاوت لێکبنێ، (ابن الخفيف ) دەڵێ : کە چاوم لێکنا، روانیم لەگەڵ مەنصوردا لە کەناری روباری دیجلە پیاسەمان دەکرد .نە زیندان و نەپێوەند و کۆت و زنجیر دیار بوو .

پاشان مەنصور فەرمووی چاوت بکەرەوە...منیش کە چاوم کردەوە، هەر لە زیندانەکەدا بووین، فەرمووی (فتووەت) ئەوەیە کە ئەوەندە لاوچاك بیت، بتوانیت خۆت لە یاسا و رژێمی دروستکراو رزگار بکەیت، بەڵام نەیکەیت، چونکە رەزامەندی خوای گەورەی لەسەر نیە .

ئینجا پرسیم ئەی مانای (مرووەت)، ئەویش فەرمووی بابمێنێ .

منیش زۆر سور نەبووم لەسەری، چونکە نەمدەویست لەوەزیاتر ماندوشی بکەم، لەبەرئەوەی بەیانی لەداریان ئەدا .

ئەوەبوو بەیانی رۆژی سێ شەممە لە مانگی (ذیالقعدة) ی ساڵی (309)ی هیجری لە (باب الطاق ) کرا بەدارا .

منیش لە غەم و پەژارەدا نەمدەزانی چیبکەم، ناچار رووم کردە ئەو دەشتودەرە و تا ماوەی چەند رۆژێك وەکو شێت بەو چۆڵەوە مامەوە، دوای ئەوەی ماندوێتی زۆری بۆ هانیم، ئیتر لە سێبەری درەختێکدا خەوم لێکەوت .

لە خەونمدا روانیم رۆژی مەحشەرە و گوێم لێبوو یەکێ لە فریشتەکان بانگی ئەکرد ( کوا مەنصور ) کە سەیرمکرد مەنصور لە کەنارێکی دەشتەکەدا دانیشتووە و وەڵامیدایەوە و وتی: ( من لێرەم ) .

فریشتەکە پێیڕاگەیاند کە بۆ لێپرسینەوە لەبەر بارەگای خوای گەورەدا ئامادەبێت .

منیش حەزمکرد بزانم لێپرسینەوەکەی مەنصور چۆنە .. دوای ئەوەی لێپرسینەوەیەکی ئاسایی کرا، ئینجا خوای مەزن فەرمووی: ئەوا لە خۆت و لە دۆستەکانیشت خۆش بووم ... مەنصور وتی :

خوایە گیان لێخۆشبوونی ئاوام ناوێت، دەبێ لە دوژمنەکانیشم خۆش بیت ... دوای ئەوەی سێ جار داواکەی دووبارەکردەوە، خوا فەمووی تۆ بەندەیەکی لە دوژمنەکانی خۆت دەبووری، ئەوا منیش لەبەرخاتری تۆ لێیان خۆشبووم .

(ابن اخفیف) دەڵێ هەر لە خەوەکەدا مەنصور ئاوڕێکی دایەوە بەلای مندا و وتی: ئەمەش مانای ( مرووەتە) . کەواتە مرووەتیش بەزەیی و پیاوەتی ئەو مرۆڤانەیە کە تواناشیان بەسەر دوژمنەکانیاندا هەیە کە خراپەیان دەرباره بکەن ...بەلام نایکەن .

هەروەها دەڵێ : لە خەونەکەدا بە بیرما هات کە بۆچی فیرعەون خرایە دۆزەخەوە و مەنصور بۆ بەهەشت ؟ خۆ هەردووکیان هەر دەیانگوت (انا الحق ) واتە من خوام . لەپڕ

دەنگێك هات و وتی : ﴿ فیرعەون خوای ون كردبوو، تەنیا خۆی دەبینی، بەڵان مەنصور خۆی ون كردبوو، تەنیا خوای دەبینی﴾ .

هەندێ لە مێژوونوسان و زانایانی سەر بە كۆمەڵی (المعتزلە) بەهۆی زۆری ئەم سەرگوزەشتە و خەونانەوە مەنصور لەكەدار دەكەن بەوەی كە جادوگەرە و ساحیر بووە .

داستانی دووەم كە مەحوی لەو دوو بەیتەی سەرەوەدا هێمای بۆ دەكات، داستانی (یونس) پێغەمبەرە .

ئەوەبوو دوای هەوڵ و كۆششێكی زۆر لەگەڵ قەومەكەیدا سەركەوتو نەبوو، بەتایبەتی لە بانكردنیان بۆ خواپەرستی و رێی چاكە و دووركەوتنەوە لە خراپە .

ناچار داوا دەكات لە خوای خۆی كە غەزەبێ بنێرێت بۆ ئەو قەومە و لەناویانبەرێت . هەروەك لە داستانەكەدا دەڵێ، خوا بەڵێنی دەداتێ كە لە ماوەیەكی دیاریكراودا داواكەی جێبەجێ دەكات .

ئەمیش بە قەومەكەی رادەگەیەنێ، كە خوا بڕیاری لەناوبردنیانی داوە... ئەوانیش هەر تەشقەڵە و گاڵتەیان بە قسەكانی دێت .

بەهەرحاڵ لەبەر هەر هۆ و تاقیكردنەوەیەك بووبێ، خوا قەومەكە لەناونابات و ئەو ماوەیەی كە دیاریش كرابوو بەسەردەچێ و هیچ نیشانەیەكی غەزەبی خوا لەو قەومەدا دەرناكەوێت .

بەمەش یونس دڵگران دەبێ و بڕیاردەدا كە سەری خۆی هەڵبگرێ و دەڕوات تا دەگاتە كەناری دەریایەك، لەوێدا بەلەمێكی لێیە و چەند نەفەرێكی هەیە، ئەمیش لەگەڵیان دەچێ و دوای كەمێ رۆشتن بە دەریاكەدا، زریانێك هەڵدەكات، یەكێك لە نەفەرەكان كە پیاوێكی بەساڵاچوو بوو، وتی: كاتی زریان نیە، هەبێت و نەبێت، یەكێكمان لەگەڵدایە كە لە خوای خۆی یاخی بووە، ئەگەر ئەو كەسە خۆی فڕێبداتە ناو ئاوەكەوە، ئەوا زریانەكە كۆتایی

دێت و ئەوانی ترمان بە سەلامەتی دەردەچین . خۆ ئەگەر خۆی ئاشکرا نەکات، ئەوا بە تاوانی ئەوەوە، هەموومان تیائەچین .

لێرەدا هەرچەند ئەوانیش نەیاندەزانی کە یونس لە خوای خۆی یاخی بووە، بەڵام مرووەت و پیاوەتی و بەزەیی راست دەبێتەوە و راستی لە خۆی دەڵێت و خۆی دەخاتە ناو دەریاکەوە .

خوای گەورەش حووتی بۆ تەرخان دەکات کە دەمی بکاتەوە و یونس بکەوێتە ناو سکیەوە و تا ماوەی شەش رۆژ، پاشان لە کەناری دەریاکەدا فرێیدەداتەوە .

بەهەرحاڵ نامانەوێ زیاتر درێژە بە داستانەکە بدەین، چونکە مەبەستی ئێمە تەنیا پیاوەتیەکەی (یونس) و (مەنصور)ە کە مەحوی هێمایان بۆ دەکات .

قەومەکەی یونس تەنیا هەر یونسیان تێدا بوو، ئەویش جێینەبووەوە و کەوتە سکی حوتەکەوە . هەروەها مەنصوریش بۆیە پێی لە زەوی برِا و کرا بەدارا، چونکە پیاوەتی لەسەر نەمابوو ... مەبەستی هێماکردنی ئەو دوو داستانە لەلای مەحوی بۆ ئەوەیە کە سەردەمی ئەهل و نائەهلی خۆی دیاری بکات و نەفرەتیان لێبکات .

**لە حەقبێژی بووە بەحری (انا الحق) هەر قەصیدێکم**
**لەباتی جائیزە، واجب گەرا قەتڵم بکەن واجب**

واتە ئەوەندە حەقبێژیم کرد و قسەی راستم وت، هەر هۆنراوەیەکم بۆتە دەریای (انا الحق) کە بووە هۆی لەداردانی مەنصوری حەلاج، بۆیە دەبێ لە جیاتی پاداشت و خەڵاتکردن، بمکوژن و بمکەن بەدارا .

ئەم بەیتە پرِ مانایە گەواهی ئەوە دەدات کە مەحوی زۆر بەچاکی لە رژێمی فرمانرِەوایی ئەو سەردەمە گەیشتووە، کە پاداشتی راستبێژان هەر سزا و ئازار و کوشتنە، ئەمەش وەك

مۆرێکی تاوان دەینێ بە نێوچەوانی رژێمی عوسمانیەوە و بە شێوەیەکی توندوتیژ پەردە لەسەر تاوانەکانیان هەڵدەماڵێت و دەڵێت:

**لە عاریف عامییەك پرسی هەواڵی مەسلَخ و قەصاب**
**بە ئەنگوشتی شەهادەی کرد ئیشارەی مەحکەمە و نائیب**

واتە کابرایەکی سادە و نەشارەزا، لە کەسێکی شارەزای و خواناسی پرسی، قەصاب کێیە و قەصابخانە لەکوێیە ؟
ئەویش بە پەنجەی شەهادەتی دادگا و دادپرسی پێشاندا . واتە ئەوەندە دادپرس و دادگا پیس و زاڵم و زۆردار بوون، کە دادپرسەکە دەچووێنێ بە قەصاب بۆ سەربڕین و کەوڵکردنی هەژاران و چینی چەوساوە و ژێردەستە، هەروەها دادگاش دەکاتە قەصابخانەیەك، کە هەرچی تێدایە بەرگی قەصابیان پۆشیوە و تیغ لە هەسان دەدەن بۆ ملی هەژاران .

**جونوونی نەوظوهووره (مەحویا) دێوانەگی مەنصور**
**کە دێوانەن هەموو مائیل بە بەرد، ئەو مەیلی داری کرد**

(شێخی سەعدی ) دەڵێت: شێتی حەفتا جۆری هەیە، عەرەبیش دەڵێت: ( الجنون فنون)، مەحویش لەم بەیتەدا دەڵێت: شێتیەکەی حەلاج لەناو ئەو هەموو جۆرە شێتیەدا، جۆرێکی تازەبابەتە، چونکە هەرچی شێت هەیە، حەزیان لە بەرد گردکردنەوە و بەرد هاویشتنە بۆ خەڵکی، کەچی مەنصور حەزی لە دار کرد . بۆیە ئەوەندە (انا الحق)ی کرد تا کرا بەدارا .
لەم بەراوردەدا کە مەحوی بە وردەکاری لەنێوان شێتیەکەی حەلاج و شێتیەکانی دیکەدا دەیکات، هێما دەکات بۆ بۆچوونی ئەو زانا و مێژوونوسانەی ئەو سەردەمە کە حەلاجیان

به شێت و جادووگەر لەکەدار دەکرد، چونکە ئەگەر بۆچوونەکانی ئەوانیش راست بێ و حەلاج کابرایەکی شێت و جادووگەر بووبێ ـ ئەوا شێتیەکەی ئەو جۆرێکی جیاواز بووە و هەر تایبەت بووە بە خودی حەلاجەوە، لەبەر ئەوەی لە داب و نەرێتی هونەری شێتی لایداوە و لە جیاتی ئەوەی حەزی لە بەرد بێت ـ حەزی لەدارکردووە و بەدارا هەڵیانواسی .

هەڵگری ئەو بۆچوونانە راستی ئەوەیان ونکردبوو کە حەلاج لە عیشقی خوادا توابووەوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك خۆی نەدەبینی، بەڵكو تەنیا خوای دەبینی و بەس ...بە چەشنێ سەرخۆشی بادەی عیشقی خوا بووبوو کە نەستی هاواری ئەکرد (ان الحق) واتە من حەقیقەتم، من خوام .

ئەمەش بەلای زانایانی وەك ئیمامی غەزالیەوە، لێیناگیرێ .. چونکە (کلام العشاق، فی حالة السکر، یطوی و لا یحکی ) ئەو پلەی عیشقەش کە بە زاراوەی سۆفیگەری پێیدەووترێ (فەنا)، هەموو کەس لێیئاگادار نیە، بۆیە شێتی و جادووگەری دەدرێتە پاڵ حەلاج . لێرەوە مەحوی ئیتر ددان دەنێ بە عاشقێتی مەنصوردا و دەڵێت:

**خۆشی فەرموو چ مەجنون و چ مەنصور**

**بەشی عاشق درا هەم بەرد و هەم دار**

واتە مەجنون و مەنصور چاکیان فەرمووە کە دەڵێن بەشی عاشق یا بەردەباران کردنە وەك مەجنون، یان لەداردانە وەك مەنصور، ئینجا مەحوی ئەوە بە هەل دەزانێ، تا ئەنجامی عیشقیش روونبکاتەوە و دەڵێت:

**ئەوی چوو بۆ سۆراغی، بێ سۆراغە**

**خەبەر وایە کە کەس نابێ خەبەردار**

واته ئەوەی لە عیشقی راستەقینەدا، بەدوای ئەویندا بگەڕێت . وەك زانراوە هیچ ئەنجامێکی دەستگیرنابێت و کەس نازانێ چی بەسەردێ لەجیاتی ئەوەی دولبەر بدۆزێتەوە، خۆی سەری تیادەچێت .
ئینجا مەحوی باس لە حەقبێژی دەکات ... و ....دەڵێ

**موحەقەق هەرکەسێ مەسلەکیە حەق و حەقییە مەنظور**
**سلوکی چوونە سەرداره، تەریقەی پیرە مەنصور**

**لە ئولکەی عیشقدا بۆ هەرکەسێ سەرداریە مەنظور**
**عولووی مەرتەبەی سەرداره، بۆتە پەیڕەوی مەنصور**

واتە ئەوەی وەدووی حەقدا بگەڕێ و حەقی مەبەست بێ، بێگومان دەبێ بۆی بچێتە سەردار و لەو پێناوەدا خۆی بەکوشت بدات و قوربانی راستبێژی و حەق خوازی بێت .ئەوەش هەر ئەو رێگایەیە کە حەلاجی سەرداری حەق خوازان گرتبوویە بەر و پیایداڕۆشت و سەری نەهێنایەوە دوا .

**حەق بێژییەك گوناهیە مەنصور و، حەقمە من**
**ئەم قطعە گەر نیشانی نەدەم (مەحویا) بەکەس**

واته مەنصوری حەلاج تەنیا لەبەر یەك حەقبێژی کە وتی (انا الحق) گەیاندیە پای سێدارە، کەواتە لۆمەم مەکەن و من ناحەقم نیە کە ئەم شیعرە پێشانی کەس نەدەم و خۆم دووچاری لەداردان نەکەم .

چونکە هەرچی راستی هەیە لەم شیعرەدا ددانم پیادا ناوە .

با بزانین ئەو پارچە شیعرە کە مەحوی دەگەیەنێتە ئەنجامەکەی مەنصور ،چییە و چی دەڵێت:

**چبکەم، نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بەکەس**
**خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بەکەس**

**گەر ئیشی رۆحتە، کە نەبوو کەس بەدەستەوە**
**دەست هەڵگرە لە رۆح و مەبە ئیلتیجا بەکەس**

**نا ئەهلی ئەم ئەهالییە مەعلومی من کە بوو**
**شوکری خودا، خودا بەس، ئومێدم نەما بەکەس**

**لێوی بە پرسشی چ نەخۆشێ نەپشکواند**
**دەردا !تەبیبی ئێمە کە نادا دەوا بەکەس**

**خورشید و سایە پێکەوە نابن دەحەقیەتی**
**ئەو جیلوە وەحشیە کە نەبێ ئاشنا بەکەس**

**بەس بێ سەبەب پەرستی، ئەگیبا دەوا دەدەن**
**بەس هەر خودا تەبیبە کە نادا شیفا بەکەس**

**زاهید وەرە روێ بکەرە بارەگاهی عیشق**
**عالی جەنابە، وانیە هەر رێ بدا بەکەس**

**موحتاجی مەرحەمەتیە چ ناکەس، چ کەس بەگەل**
**ئەو تاقە بێکەسێکە کە گرتی خودا بەکەس**

**جێی ئیعتراچی کەس نیەت و نەبوە، هەر کەسێ**
**لادا لە نابەکار و حەزەرکا لە نابەکەس**

**گەر تێبگەن لە گەوهەری دڵدا چ مەوج ئەدا**
**ئەم شەوچراغە لەم شەوەدا کەس دەدا بەکەس**

**حەق بێژییەك گوناهیە مەنصور و، حەقمە من**
**ئەم قطعە گەر نیشانی نەدەم (مەحویا) بەکەس**

لەم هۆنراوەیەدا مەحوی دەستەپاچەیە لەوەی کە لە رێبازەکەیدا ئەوەندە بەتوانا نەبووە کە کەس لەبەر دەستیا پێبگات و خۆشی نەگەشتووە بە کەسێکی بە توانا و لێهاتوو کە بیگەیەنێ بە مەبەست، پاشان دێتە سەر ئامۆژگاری کردنی خەڵکی و دەڵێت :ئەگەر بۆ کارێك گیانی خۆت داناوە، ئەوا دەست هەڵگرە لە گیان و دەستە و داوێنی ناکەس مەبە.

ئەوەش نامەردی و نائەهلی خەڵکی دەوروبەری شاعیر دەردەخات ...بۆیە لە بەیتی سێیەمدا دەڵێ: کە زانیم ئەم خەڵکە ئەوەندە نامەردن، سوپاس بۆ خوا دەستم لە گشتیان هەڵگرت و پشتم هەر بەخوا بەست .ئەمەش ئەو کێشەیەی دەروونی مەحوی پێشاندەدا بەرامبەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و هەڵسوکەوتی خەڵکی و تەنگوچەڵەمەی ژیان .

ئینجا دەڵێ یار لێوی نەکردەوە و هەواڵی نەخۆشێك ناپرسێ، ئەی (دەرد) ... وادیارە پزیشکەکەی ئێمە نیازی نیە دەرمانی دەردی کەس بکات، چونکە یار وەك هەتاو وایە و ئێمەش سێبەر، کە سروشت مەودای ئەوە نادات کە هاوڕێ بین پێکەوە .

کەواتە بابەسبێت سەبەب پەرستی، با کەمێکیش موسەبیب بپەرستین، ئەو هۆیانەش کە پێیان دەوترێ پزیشك، هەر دەوا دەدەن و بەس، پزیشکی راستەقینە هەر خوایە کە دەوای هەموو نەخۆشیەکی لایە و بەکەسی ناسپێرێ .

ئینجا لێرەوە روو دەکاتەوە بارەگای عیشق و کورەی دەروونی دەجۆشێ و بە زاهید دەڵێ: بارەگای عیشق زۆر بەرز و دڵ فراوانە ...جێی هەموو کەسێکی تیادەبێتەوە، رێ بە تۆش دەدا و جێی تۆشی تیادەبێتەوە، ( هەر کەسێ کە تەنیا و بێکەسە ، ئەگەر خوای مەزنی کردبێ بە کەسی خۆی، دڵنیابە کە کەسێکی وای لێدەردەچێ کە کەس و ناکەس دەستە و دامەنی بن .)

ئەوەش وای لێدەکات کە لە کۆتایدا بڵێت: ئەگەر خەڵك بزانن لە گەوهەری دڵدا چ جۆرە راز و پەنهانیەك خۆی حەشارداوە، کە لەم شەوەزەنگەدا، کەسێك ئەم گەوهەری شەوچراغی دڵە نادا بە کەس .

کێشەی دەروونی مەحوی بە ئاشکرا لەو بەیتانەدا دەردەکەوێ و هێمای ئەو رازونیازەیە کە ماوەیەك لە ناخی خۆیدا بە پەنهانی سەرقاڵی کردووە .

هەرچەند لە دواجارا ئەو راستیانەی کە سەرقاڵی کردبوو، بە خەڵکی دەگەیەنێ و نەیشاردۆتەوە، کە ئەوەش لە دیدی خۆی و رێبازەکەیەوە وەك حەقبێژی رەچاودەکرێ .

هەرچیەك کە ئەو دەیزانی و هەستی پێکردووە، دەبێ بگەیەنێ بە خەڵکی .. بە لاسایی کردنەوەی مامۆستایانی ئەو ڕێبازە و مەنصوری حەلاجیش وەك ڕابەرێکی شەهید ... هەرچەند لای کاربەدەستان و فرمانڕەوایانی ئەو سەردەمانەی مەنصور و مەحویش پارەی نەکرد و کارێکی ئەوتۆی نەبوو .

ئەوەش بوو کە مەنصوری گەیاندە پلەی شێتی و یاخی و جادووگەری ...بەتایبەتی لای ئەوانەی کە بەهۆی بانگی انا الحقەوە بەرژەوەندیان هەڕەشەی لێدەکرا و مەنصور چقڵی چاوی خۆیان و بەرژەوەندیەکانیان بوو . بۆیە ئەو ڕاستی و ڕاستبێژیە ڕابەری کرد بەرەو سێدارە .. لێرەدا مەحوی دەڵێ: لۆمەم مەکەن ئەگەر من نەتوانم ئەم هۆنراوەیە پێشانی کەس بدەم، چونکە مەنصور تەنیا یەك حەقبێژی کە (انا الحق) بوو بە لەداردانی گەیاند، خۆ هۆنراوەکەی من هەمووی بانگی حەقە ..!!!

**بەحەق هەرحەق بەناحەق ناحەقم وتووە لە ڕۆژێ بووم**
**وەکو مەنصور ئەگەر بشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم**

با وەکو مەنصور لە داربدرێم، هەرچۆن لەسەرەتای بوونمەوە ئەوەی حەق بووە لای من حەق بووە، ئەوەشی ناحەق بووە لای من ناحەقم پێ وتووە . هەرگیز ئەم ڕێیە بەرنادەم و هەمیشە حەقبێژی کار و کردەوەمە .

گەرچی مەحوی لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لە بەیتێکی فارسیدا دەڵێت:

**دهن ببند بلا جویی است حق گویی**
**بدار دست زمنصوریت بدار مپیچ**

واته دەمی خۆت ببەستە و نەکەی باس لە حەق بکەیت و بەڵا بۆخۆت پەیداکەیت، لاسای مەنصور مەکەرەوە و خۆت مەگەیەنە پای سێدارە .

من لە لێکدانەوەی ئەو بەیتە فارسیەدا وای بۆ دەچم کە بە رای مەحوی هەموو کەس توانای ئەوەی نیە کە ببێتە شۆڕەسواری مەیدانی حەقبێژی .

بەهەرحاڵ ئەو کێشەیەی کە دەروونی مەحوی دەهەژێنێ، زیاتر باری نالەبار و ناهەمواری زەمانە و ئەهلی نائەهلی سەردەمەکی و باری کۆمەڵایەتی و رامیاری و زوڵم و زۆری رژێمەکە و پێشێلکردنی حەق و راستی و مافی چەوساوە و زۆرلێکراوان ئەو هەموو وردەکاریەی لە شیعردا پێدەکات و ناخی خۆی دەنێتە نێو دێڕی هۆنراوەکانیەوە ...و مەنصور دەبێتە ئاوێنەی بالاَنومای ئەو کەموکوڕیانە و وشەی شیعرەکانی پێدەڕازێنێتەوە، ئەوە و کۆمەڵێ داستان و باس و خواستی مێژوویی و وتەی پڕ مانا دەربارەی حەق و حەقبێژی .

بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر هونەرێك لە جوانکاری، کە تێلنیشانە و بەشێوەیەکی جوان و وردەکاریەکی ناسك ئەو شتانە دەپێکێ کە خواستی خۆی و رێبازەکەشی بووە .

**لە کۆتاییدا :**

**بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوانە کەڵکم لە هەندێ سەرچاوە وەرگرتووە، کە سوپاسی خاوەنەکانی دەکەم، هەروەها سوپای ئەو دۆست و برایانە دەکەم کە یارمەتیاندام لە پەیداکردنی سەرچاوەکان و شیکردنەوە و روونکردنەوەی زۆر وشەی ئاڵۆز و بیر و مانای فەلسەفەی سۆفیگەری .**

**********

## پەراوێزەکان

- خوای گەورە باڵی سێبەری ناوی خۆی کێشاوە بەسەر ئەم خەڵکەدا، بۆیە دەژین، خۆ ئەگەر کەمێك لە توانای مەزنی خۆی پێشانی ئەم مەردووەمە بدات، ئەوا سەرگەردان دەبن .

هەروەها ئەگەر پەردەی لەسەر راستی هەڵبماڵیایە، بێگومان بەرگەیان نەدەگرت و لەناودەچوون .(مەنصوری حەلاج)

- ئەو شتانەی لە لایەن خواوە لە دڵدا پەیدادەبێ، لە راستیدا هەر ئەوانەن کە خەڵکی دژی دەوەستن (مەنصوری حەلاج )
- خوای گەورە من ناتوانم سوپاسی تۆ بکەم، دەسا خۆت سوپاسی خۆت بکە لە جیاتی من، چونکە هەر سوپاسە و هیچی تر . (مەنصوری حەلاج )
- هەر مرۆڤێ کە خواوەند لوتفی کرد لەگەڵیا و گەیاندیە پایەی خواناسی، یەزدان پەیامی بۆ دەنێرێ و ئەو کاتە پارێزراوە، و جگە لە نووری خوا هیچی تر بەدیناکات . (مەنصوری حەلاج)

## سەرچاوەکان

- مەلا عەبولکەرمی مودەریس / دوانی مەحوی /چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد/ 1977
- کەمال مەمەند میراودەلی / فەلسەفەی جوانی هونەر / چاپخانەی زانکۆی سلێمانی / 1977
- عەلادین سەجادی / گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد / بەرگی شەشەم / چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد / 1978 .
- عەزیز گەردی / ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا / جوانکاری، بەرگی دووەم / چاپخانەی هەولێر 1976/
- ابی عبداللة محمد احمد عثمان الذهبی / میزان الاعتدال فی نقد الرجال تحقیق، علی محمد البجاوی / المجلد الاول / دار المعریفة للطباعة والنشر / بیروت، لبنان .
- ابی عبدالرحمن السلمی / طبقات الصوفیة / تحقیق – نورالدین شربیة / الناشر – جماعة الازهر للنشر والتالیف / مطابع دار الکتاب العربی _ مصر / محمد حلمی المیناوی .
- خیرالدین الزرکلی / الاعلام _ قاموس تراجم / لاشهر الرجال والنساء من العرب والمستعربین والمستشرقین / جزء الاول / الطبعة الثانیة .
- الاب امسناس ماری الکرملی / لغة العرب / مجلة شهریة ادبیة علمیة تاریخیة / مطبعة الاداب / بغداد .
- الدکتور کامل مصطفی الحلاج / الحلاج فی الادب المقارن / اعد للحلقة الدراسیة للادب المقارن التی اقامتها کلیة الاداب / جامعة صلاحدین / 1985/ بتعاون مع رابطة نقاد الادب فی العراق .1985/4/13.16
- لویس معلوف / المنجد / فی اللغة والادب / والعلوم / بیروت – المطبعة الکاثولیکیة .
- الشعر والصوفیة / کولن ولسن / بیروت / منشورات دار الادب / ترجمة الی اللغة العربیة – عمر الدیراو ابو حجلة .

- يوسف كرم / تأريخ الفلسفة اليونانية / بيروت / دارالقلم .
- احمد امين / موسوعة الادبية / مباديء الفلسفة / بيروت، دار الكتاب العربى .
- الحلاج / الدكتور مصطفى غالب / بيروت / مؤسسة عزالدين للطباعة / 1982 .

